

## نامدار قەرەداغی:

## پێویستە گۆرانیبێژ ئەو گۆرانییەی دەیڵێ، لەگەڵ قورگی بگونجێ.. تیپی مۆسیقای بێخودیش ئەکادیمیایەکی هونەری بوو.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٥ – ٥)

* نامدار عومەر عەبدولڕەحمان، کە لە کوردستان بە نامدار قەرەداغی ناسراوە، هونەرمەندێکی دیاری بواری گۆرانی و مۆسیقای کوردییە، هەر لە منداڵییەوە هۆگری هونەری موزیک بووە، سەرەتا بە شمشاڵ و تەپڵی شەربە دەستی پێ کردووە. لە ساڵانی شەستەکاندا بە ڕێکەوت ئامێرێکی کەمان لە دووکانی فرۆشتنی پۆشاک، لەلای هونەرمەندی ناسراو (عومەر عەلی ئەمین) دەبینێ و بە نۆ دینار و نیو لێی دەکڕێ، لێرەوە گۆڕانێکی گرنگ و بنەڕەتی لە ژیانی هونەریی ئەودا دروست دەبێ، ئەم وەرچەرخانە لەو کاتەوە ڕوودەدا کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ دەچێتە تیپەکەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، کە ئەوسا هونەرمەند شەوکەت ڕەشید سەروکاری ئەو تیپی مۆسیقایەی کردووە، دوای ماوەیەک دەبێتە ئەندامی کۆمەڵ، بۆیە هەموو ڕۆژێک هاتوچۆیان دەکات و لەگەڵ ئەندامانی تیپەکە خەریکی ڕاهێنان دەبێ، زۆر نابات دەبێتە جێگری شەوکەت ڕەشید، دوای نزیکەی دوو ساڵ، واتە لە ساڵی ١٩٧١ دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵ و لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرۆکی تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، لەو ڕۆژەوە زۆربەی هەرە زۆری کار و چالاکییەکانی تیپەکە، ئەم هونەرمەندە بۆ گۆرانیبێژەکانی ئامادە و دابەش کردووە، ئاوازیشی بۆ هەندێکیان داناوە.

* چەند ساڵێک لەو تیپەدا دەمێنێتەوە، تا

دەگاتە سالّی ١٩٧٧ کارێکی زۆر دەکات، بەڵام لەم ساڵە بەدواوە، وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای مەولەوی، بە هەڵبژاردن دەبێتە سەرۆکی تیپەکە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە تا ساڵی ١٩٨٢ هەرچی کار و چالاکییەکی هونەریی ئەو تیپە هەیە جێبەجێیان دەکات، ئاواز بۆ گۆرانیبێژەکان دادەنێ و گۆرانییان بۆ ئامادە و دابەش دەکات، بەوەشەوە ناوەستێ، کە لە قوتابخانەی بێخود دەبێتە مامۆستا، تیپێک بەناوی (تیپی منداڵانی بێخود) دادەمەزرێنێت و نزیکەی (٧٠) منداڵ لەو تیپەدا کۆ دەکاتەوە، هەر لە ڕێگەی ئەو تیپەوە خزمەتێکی بەرچاو بە منداڵانی کورد دەکات، بەهۆی ئەو تیپەشەوە دەیانهێنێتە نێو دنیای هونەرەوە، ئیدی لەم تیپەدا دەست بەکار دەبێ و خزمەتێکی زۆری هونەری کوردی دەکات.

* ئەم هونەرمەندە کە بەهۆی وەزیفەکەی باوکییەوە لە شاری هەڵەبجە، لە ساڵی ١٩٥١ لەدایک بووە، دوای ساڵێک بە ماڵەوە دەچنەوە سلێمانی، هەر لەو شارەدا دەخرێتە بەر خوێندن، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی: (فەیسەڵییە) و (بێخود) و (ئەمین زەکی) لە ساڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٦٣ تەواو کردووە، هەر لە سلێمانی ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٦٦، خوێندنی ناوەندی تەواو دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٦٩، لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی دەخوێنێ، هەر لەو ساڵەدا پێوەندی بە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یەوە دەکات. ساڵی ١٩٧٧ تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەمەزرێنێ، لە پاڵ کارەکانی خۆی لەو تیپەدا، لە ٢٠/ ٥/ ١٩٧٧ تیپی منداڵانی بێخود دادەمەزرێنێ، تیپی مەولەوی کە لە شەقامی مەولەوی، لەناو بیناکەی تۆفیق قەزاز بووە، بە درێژەپێدەری تیپەکەی کۆمەڵی هونەر و



نامدار قەرەداغی- ئازاد عەبدولواحید

وێژەی کوردی دادەنرێ کە ڕێک لە ١٩٦٩/١٢/٣١ دامەزراوە، بۆیە ئەندامەکانی تیپی مەولەوی، هەر ئەو ئەندامانەن کە پێشتر لە تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لەگەڵی بوون و ئەم تیپە نوێیەیان دامەزراندووە، کە پێشتر ئەندامەکانی بە هۆکاری کارگێڕی و هونەری، لە تیپەکەیان جیابوونەتەوە و تیپێکی سەربەخۆی نوێ، بە ناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەنێن.

* بیرۆکەی دروستکردنی ئەو تیپە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ـەوە لەلایان چەکەرەی کردووە، لەوکاتەوە کەوتوونەتە خۆیان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بۆ تیپە نوێیەکەیان، دوای ئەو هەوڵە بەپێی نووسراوی کارگێڕی کە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و هونەرەکان- فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی- بەڕێوەبەرێتیی پێوەندییە گشتییەکان - ژمارە ١١٦٢٤، لە ١٩٧٨/٦/٨ و نووسراوی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوان، ژمارە ٣٦٦٥ لە ٢٠/ ١٩٧٨/٦، نووسراوی بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی جەماوەر لە سلێمانی، بە ژمارە ٥٥٨ کە لە ١٩٧٨/٦/٢٥ دەرچووە. ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای مەولەوی (٥) کەسن، لە سەرووی هەموویانەوە (نامدار عومەر عەبدولڕەحمان قەرەداغی، ولیەم یۆحەننا

خنانیشۆ، عەلی حەمەڕەزا، عەبدولڕەحمان محەمەد قەدری، مستەفا عەبدولڕەحمان) بوون. دوای وەرگرتنی مۆڵەتەکە، ئەندامی نوێ وەردەگرن. ڕۆژی ١٩٧٨/٧/٧ بە پێی پەیڕەوی ناوخۆیی، یەکەمین هەڵبژاردنی تیپەکەیان دەست پێ دەکات، لەو هەڵبژاردنەدا نامدار عومەر قەرەداغی دەبێتە سەرۆکی تیپەکە، حسێن ئەحمەد خدر دەبێتە سکرتێر، عەلی حەمەڕەزا دەبێتە ژمێریار، حەمەسەعید عەبدوڵلا و سەلاح مەجید ڕەسووڵ دەبنە ئەندامی دەستەی کارگێڕی، مەحموود محەمەدسەعید و عەبدولڕەحمان محەمەد قەدری دەبنە ئەندامی یەدەگ.

* تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و تیپی مەولەوی و تیپی منداڵانی (بێخود) لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ـەوە تا ئێستا لە زۆربەی ئاهەنگەکانی بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی بەشدار بوون. ساڵی ١٩٧٤ لە یەکەمین میهرەجانی هونەری کوردی لە بەغدا، کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی تێیدا بەشدار بوو، چالاکییەکانیان هەر بە شارە گەورەکانی کوردستان نەوەستاوە، بگرە زۆرجار ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقایان بردووەتە شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەوانە: هەڵەبجە، دەربەندیخان، قەرەداغ، چوارتا، قەڵادزێ، عەربەت و تاد.. لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە بەناوی تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، دواتر لە ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ بەناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی، لە ڕۆژی جیهانیی مۆسیقادا بەشدارییان کردووە، بێجگە لە ئاهەنگە بەردەوامەکانیان لە شاری سلێمانی و شارۆچکەکانی دەوروبەری، بەردەوام لە شاری هەولێر و کەرکووک و بەغدا و مووسڵ ئاهەنگیان گێڕاوە.

* لە شاری سلێمانی، لە زۆربەی ئاهەنگەکاندا هاوکاریی مەڵبەندی لاوانی سلێمانی، کارگەکانی جگەرە و شەکر، یەکێتیی مامۆستایان - لقی سلێمانی، یانەی فەرمانبەرانی زانکۆی سلێمانی و سەندیکای ئەندازیارانی سلێمانی و منداڵانی بێ دایک و باوک (میتم)یان کردووە، تەنانەت لە سلێمانی ئاهەنگییان بۆ نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی سیل گێڕاوە، ئەم کارانە نیشانەی بوونی گیانی هاوکاری و پێکەوەیین کە بە فراوانی و لەسەر هەموو ئاستەکاندا، لەگەڵ تیپەکانی ناو شاری سلێمانی، بە مەبەستی بەرەوپێش بردنی هونەری کوردی بووە، لەم ڕووەوە هیچ درێغییان نەکردووە و دەستی هاوکارییان بۆ هەر تیپێک درێژ کردووە کە داوای یارمەتییان لێیان کردبێ، هەمیشە نموونەی هاوکاریی نێوان هونەرمەندەکان و تیپەکان بوون، هەموو ئەوەشیان هەڵقوڵاوی گیانی نەتەوەیی بووە و لەپێناوی بووژانەوە و بەرەوپێش بردنی زیاتری هونەری کوردی بووە، ئەو کارانەیان کردووە.

* نامدار قەرەداغی هەر لە ساڵی ١٩٦٩ـەوە کە پێوەندی بە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یەوە کردووە، سەرەتا وەک کەمانچەژەنێک، دواتر وەک ئاوازدانەر و ئامادەکار و دابەشکار، کاری پەروەردەیی و کارگێڕیشی کردووە. ساڵی ١٩٧٢ سەرەتا بە گۆرانییەک بۆ هونەرمەند عوسمان عەلی دەستی پێکردووە و (شەوی بەرات)ی بۆ ئامادە و دابەش کردووە، دوابەدوای ئەوە گۆرانی (شەوانی شوان)ی بۆ هونەرمەند سەلاح مەجید ئامادە و دابەش کردووە. هەر لەو سەرەتایەوە (٣) گۆرانی بۆ عوسمان عەلی و (٤) گۆرانی بۆ سەلاح مەجید و (٣) گۆرانی بۆ حەمەی نێرگس و (٢) گۆرانی بۆ عوسمان شارباژێڕی، (٢) گۆرانی بۆ حەمە جەزا، (٢) گۆرانی بۆ نیاز نووری، (٣) گۆرانی بۆ کۆرس ئامادە و دابەش کردووە، دواتر کاری بۆ گۆرانیبێژان: ئیبراهیم سەعید، ئاوات فایق، پرتەو عەبدولعەزیز، کاژاو شەوکەت، مەحموود

محەمەدسەعید، ئەحمەد محەمەد، نیشتمان محەمەد غەریب، عەلی محەمەدئەمین، ئەحمەد محەمەدڕەشید، حەمەڕەئووف عەبدوڵڵا، عەلی محەمەدئەمین، خەلات خالید دلێر، کەمال ئەمین، ئاری عارف، پەیمان عومەر، جۆرج ئاشووتی کردووە و بۆ هەریەکەیان گۆرانییەکی ئامادە و دابەش کردووە. ساڵی ١٩٧٩ ئۆپەرێتی ڕووبار کە (ع.ع. شەونم) بە دەستکارییەوە وەری گێڕاوە، ئەم ئاوازی بۆ داناوە و دابەشی کردووە. لە تیپی میللیشدا، ساڵی ١٩٧٨ (٤) گۆرانی بۆ دارا محەمەد هەورامی و (٣) گۆرانی بۆ کەریم خەمزەیی و گۆرانییەکی بۆ هەریەک لە هونەرمەندان عوسمان کەیمنەیی و سیروان هەورامی ئامادە و دابەش کردووە. ئەو گۆرانیانە بەشێکی زۆریان شیعرەکانیان فۆلکلۆرین، ئەوانی دیکەیان شیعری شاعیرانی ناسراوی وەک: مەدهۆش، نووری وەشتی، قادر برسی، عوسمان شاربازێڕی، ماجیدی خەیات، ئەحمەد محەمەد، ڕەووف حەسەن، دڵشاد مەریوانی، شێخ ئەنوەر، شێخ سەلام، سالار قەرەداغی، نامدار قەرەداغی بوون.

* لە بواری کارکردن لە سروودی کوردیدا زۆر کاری جوانی کردووە، چونکە هەر زوو کاریگەری ئەو سروودانەی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە زانیوە. یەکەم جار ساڵی ١٩٨٠ لە سلێمانی بە نهێنی چەندان سروودی نیشتمانی لەلایەن تیپی منداڵانی بێخودەوە بۆ هونەرمەند ناسری ڕەزازی تۆمار کردووە، کە لەو سەردەمەدا خۆی سەروکاری ئەو تیپەی کردووە، پاشان سروودەکان لە ڕادیۆی شۆڕش بۆ هەموو کوردستان بڵاوکراونەتەوە، ئەو سروودانە تا بە ئەمڕۆکەش دەگات ناو بە ناو بڵاو دەبنەوە و کاریگەریی خۆیان بەسەر هەستی نەتەوەیی گوێگرانەوە هەیە، سروودەکانیش بریتین لە (من پێشمەرگەی کوردستانم)، (ئەی شەهیدان)، (دایە ماڵئاوا)، (هیوا هیوا)، (وڕ و کاس و سەرگەردانم)، (تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم)، (کارگەرین جەنگاوەرین)، (سەدەی بیستەمە)، (من ئەو دیلەم)، (ساڵێکی تریش وا داهاتەوە)، (دەمی ڕاپەڕینە) بوون، سەرجەمی ئەو سروودانە لە ئامادە و دابەشکردنی ئەو هونەرمەندە بوون، سروودی (هیوا هیوا)ش خۆی ئاوازی بۆ داناوە و ئامادە و دابەشی کردووە.

* کاتێک بڕیار دەدا بچێتە دەرەوەی وڵات، سەرەتا لەڕێی هاوڕێیەکی خۆی کە لە ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی کاری کردووە، ئەویش بەهۆی چاوساغێکەوە بەرەو ناوزەنگ بەڕێی دەکا، لەوێوە بەرەو ئێران دەچێ، لە ئێران ماوەی چەند مانگێک لە پارکی ئیرەم خۆی و (١٢) هاوڕێی دەستبەسەر دەکرێن، کاتێ بەڕێکەوت کاوەی شێخ لەتیف بەم هەواڵەی زانیوە، بە ئێرانییەکان دەڵێ ئەوانە عایدی خۆمن، بۆیە ئەوانیش پێیان دەڵێن لە پارکی ئیرەمەوە بەرەو کەرەج بڕۆن، لەوێ پارکێک هەیە، لەو پارکە، لە ماوەی هەفتەیەکدا موعامەلەیان بۆ تەواو دەکرێ، پێشیان دەڵێن ئەگەر ئەو پیاوە کەفالەتی ئێوەی نەکردبا، نیازمان وابوو تا کۆتایی شەڕی عێراق- ئێران وەک دەستبەسەر لەلای خۆمان گلتان بدەینەوە، پاشان دەدرانە دادگای شۆڕشی ئێران، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو لەلای ئێمە پیاوێکی گەورە و پیرۆزە، بۆیە لە ئێوە خۆش بووین و ئێستا دەتوانن بڕۆن، کە ڕۆیشتوون، بەترانزێت شەوێک لە ڕۆمانیا ماونەتەوە و لە ڕێگەی هێڵی ئاسمانییەوە بەرەو (ئەمستردام)ی پایتەختی هۆڵەندا چووە.

* لە ساڵی ١٩٨٢ کە دەگاتە دەرەوەی وڵات و وەک پەناهەندەیەک لە وڵاتی هۆڵەندا دەگیرسێتەوە، پاش هەفتەیەک تیپێکی گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و نواندن دروست دەکات

و ناوی (تیپی هونەری ئاوارە)ی لێ دەنێ، بە هۆی چالاکییە هونەرییە زۆر و بەردەوامەکانی، لە شارەکانی هۆڵەندا زۆر زوو ناو و ناوبانگ دەردەکەن، لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنە بەناوبانگەکانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا زۆر چالاکی دەنوێنن و بەرنامە پێشکەش دەکەن. ساڵی ٢٠٠١ لە هۆڵەندا قوتابخانەی مۆسیقای (نامۆ) بۆ منداڵان و گەوران دادەمەزرێنێ، لەم قوتابخانەیەدا تیپی مۆسیقای نامۆ دروست دەکات کە کار و چالاکییەکانی لەو شوێنەدا زۆر و بەرچاون، هەر لەو ساڵانەدا چەندان جار لە تەلەڤزیۆنی (مێد تیڤی) و (ڕۆژ تیڤی) بە لایڤ پرۆگرام پێشکەش دەکەن. لە هۆڵەنداوە بەشداری لە پێشبڕکێی مۆسیقا دەکەن، هەر ئەو کاتەش دوو ڤیدیۆ کلیپ بۆ منداڵان دەردەکات.

* کارە هونەرییەکانی نامدار قەرەداغی لە ناوەوەی وڵات چەند زۆر و بەردەوامبوون، لە دەرەوەی وڵاتیش هەرگیز لە چالاکیی هونەری دانەبڕاوە و دوور نەکەوتووەتەوە، بۆیە کە گەیشتووەتە ئەوێ، کۆڵی خەمی نەتەوە و هونەر و داهێنانی هەر بە کۆڵەوە بووە، دوای هەفتەیەک کە تیپی هونەری (ئاوارە)ی داناوە، ئەو تیپە لە ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٩٦ لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بووە، دوای وەستانی تیپەکەش، کە لە ساڵی ٢٠٠١ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ ئەو چالاکییانەی هەبووە، ئیتر بەرەو کوردستان گەڕاوەتەوە. لە ماوەی (١٥) ساڵدا لە ڕێگەی تیپی (نامۆ)وە درێژەی بە کاری هونەریی خۆی داوە، ساڵی ١٩٨٣ تیپی ئاوارە کاسێتێکی سروودی نیشتمانی دەرکردووە، هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە هەر لە ئاوازەوە تا ئامادەکردن و دابەشکردنیان ئەم هونەرمەندە خۆی جێبەجێی کردوون. دوای دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کاسێتە، ئەم جارە لەگەڵ تیپێکی هۆڵەندایی بەناوی ئیکس دەردەکەون، لەو ماوەیەشدا ئەو تیپە چالاکە بەشداری چەندان کۆنسێرت و فیستیڤاڵ دەکات و لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەورووپا میهرەجان و چالاکیی هونەری و سیاسی دەکەن. لە ساڵی ١٩٨٥ تا ساڵی ١٩٩١ کۆنسۆر ڤاتۆریۆم کە لە هۆڵەندا بەرزترین خوێندنی پراکتیکی مۆسیقایە، بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات، دوای ئەو خوێندنە، لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ وەک مامۆستا لە قوتابخانەیەکی هۆڵەندا دامەزراوە و لە چەندان قوتابخانەی ئەوێ وانەی هونەری گوتووەتەوە.

* ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق بووە، لە ساڵی ١٩٨١ـەوە تا ساڵی ١٩٨٢ کە چووەتە دەرەوە، لە سلێمانی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سەندیکای هونەرمەندان– لقی سلێمانی بووە. لە دەرەوەی وڵات، ساڵی ١٩٨٣ کاسێتێک بۆ (دەلال) گۆرانیبێژی کوردی باکوور لە ئەڵمانیا دەردەکات، کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە، لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بووە. ساڵی ١٩٨٦ لە کەنەدا کاسێتێکی بۆ نووری مام برایم دەرکردووە، کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە، لە ئامادە و دابەشکردنی خۆی بووە، یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەم کاسێتە شیعر و ئاوازی خۆی بووە. ساڵی ١٩٨٨ بەبۆنەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە سەمفۆنیای هەڵەبجەی داناوە، کە ئاواز و دابەشکردنەکەی هەر هی خۆی بووە، لە تیپی سەمفۆنیای ڕوچیتی - هۆڵەندا ساڵی ١٩٨٨ پێشکەش کراوە، دواتر کۆڕاڵی (ئازیز چاوەکەم) و کۆڕاڵی (گیانی شیرین) لە هەڵبەستی خۆی و فۆلکلۆر، ئاواز و دابەشکردنی خۆی، لە ڕێگەی تیپی کۆڕاڵی هلڤەرسوم کۆنسرڤا تۆریۆم

پێشـکەش کـراوە.
* کارە هونەرییەکانی هونەرمەند نامدار قەرەداغی لـە دەرەوەی وڵات زۆرن، لەوانـە: لـە ساڵی ٢٠٠٥، سەرجەم کارە هونەرییەکانی کۆنسێرتێکی هونەریی تیپی هونـەری نامۆ لـە هۆڵەندا دەگرێتـە ئەستۆی خـۆی. کۆنسـێرتی ٢٠٠٧/١٠/٧ لـە هۆڵەنـدا، کـە بریتـی بـووە لـە پارچـە مۆسیقای ئاوێزان، ئـاواز و دابەشکردنی خـۆی و ئۆرکێستی سەمفۆنی هەوایی ڤیلس کراخت ڕادەپەڕێنێ. گۆرانی (بۆ بێدەنگی)، پارچـە مۆسـیقای چەمـی ڕێـزان، ئـاوازی حەسـەنی نـەی و ئامـادە و دابەشـکردنی نامـدار قەرەداغـی، هەروەهـا پێشکەشـکردنی سـروودی نیشـتمانی هۆڵەنـدی و کـوردی کـە ئۆرکێسـتی ڤیلس کراخـت لەگـەڵ تیپـی مۆسـیقای نامـۆ پێکـەوە پێشکەشیان کردووە، ئـەوەش لـە ئامادە و دابەشـکردنی نامـدار قەرەداغـی بـووە. پێشکەشـکردنی گۆرانـی (هـەی بێنـن بێنـن) کـە شـیعر و ئـاوازی فۆلکلـۆرە، لـە ئامـادە و دابەشـکردنی نامـدار قەرەداغـی، تـارا ڕەسـووڵ و نیـاز شـەیدا گوتوویانـە، هەروەسـا سـەمفۆنیای هەڵەبجـە لەگـەڵ تیپـی ئۆرکێسـتی ڤیلس کراخت، ئامادە و دابەشکردنی خـۆی بووە.
* کۆنسـێرتی ٢٠٠٩/١٠/١٠ لـە هۆڵەنـدا، (٨) بەرهەمـی هونـەری لەخـۆی گرتـووە، لـە هۆڵـی سـتاندس خهـۆر زاڵ لایـدن پێشـکەش کـراوە کـە بریتـی بـووە لـە گۆرانـی و سـروودی نیشـتمانی لەوانـە: سـروودی نیشـتمانی ئـەی ڕەقیـب و سروودی نیشتمانی هۆڵەندی بە جیا و پێکـەوە، گۆرانی ئەستێرە نەکوژاوەکان (پەیمان عومـەر)، گۆرانـی (وەرە قوربـان)، (ناسـری ڕەزازی)، کۆرسـی لینگـوا میوزیـکا، گۆرانـی (شـیرین هـەر لامـە)، (نیـاز شـەیدا)، گۆرانـی (شـەش پەپوولەکـە)، (دڵنیـا ڕەزازی)، کۆڕاڵـی لینگـوا موزیـکا (گەشـتێک بـە گۆرانییەکانـی شـەماڵ سائیب)دا، (گەشـتێک بـە گۆرانییەکانـی عوسـمان عەلـی)دا، (دەشـتی کەلهـوڕی)، گەشـتێک بـە ئـاوازە ڕەسـەنەکاندا، (ناسـڕی ڕەزازی)، سـەرجەم ئـەو گۆرانـی و سـروودە نیشـتمانیانە لەلایـەن تیپی ئۆرکێسـتی لایـدن سـمفۆنیتا و کۆڕاڵـی لینگـوا میوزیـکا، لـە ئـاواز و ئامـادە و دابەشـکردنی نامـدار عومـەر قەرەداغـی بـوون.
* دیسـان کۆنسـێرتی ٢٠١٢/١١/٢٤، لـە هۆڵـی سـتادس خهـۆر زاڵ لایـدن لـە هۆڵەنـدا پێشـکەش کـراوە، لـەو کارە هونەریانـەش گۆرانـی (ناکامـی)، وتنـی (ئونـا سـنتینا)، ئۆرکێسـتی رایـن لانـد سـەمفۆنی ئۆرکێسـت، گۆرانـی (مـن هـەم)، وتنـی (نەجمەددیـن غولامـی)، ئۆرکێسـتی بیـگ بێنـد ئۆخسـت خەیسـت، کۆڕاڵـی کەنتیامـۆ دێڵفـت. پارچـە مۆسـیقای بێسـنوور، ئـاوازی ڕۆسـتینی، مـۆزارت، ئەنـوەر قەرەداغـی، نامـدار عومـەر قەرەداغـی ڕێکـی خسـتووە و لـە یەکـی داوە و دابەشـی کـردووە و بـە هارمۆنـی کـردووە. گۆرانـی (ئامـان میـم گورجـی)، وتنـی (پەیوەنـد جـاف)، ئۆرکێسـتی ڕاین لاند سـەمفۆنی ئۆرکێست و کۆڕاڵی مۆڵتـی کوڵتـی کـۆر ڕۆتـردام. ئۆپەڕێتـی (گوڵـی خوێنـاوی)، ئـاوازی ڕەفیـق چـالاک، ئۆرکێسـتی ڕایـن لانـد سـەمفۆنی ئۆرکێسـت و کۆڕاڵـی مۆڵتـی کوڵتـی کـۆر ڕۆتـردام کـە سـەرجەم ئـەو کارانـە نامـدار قەرەداغـی سەرپەرشـتی و ئامـادە و دابەشـی کـردوون. کۆنسـێرتی ٢٠١٣/١١/٢٤، گۆرانـی (گەشـتی هەورامـان)، وتنـی کۆڕاڵـی کەنتیامـۆ دێڵفـت، ئۆرکێسـتی نامـۆ لـە هۆڵەنـدا. گۆرانـی (زەماوەنـدە)، وتنـی (پەیوەنـد جـاف)، لەگـەڵ ئۆرکێسـتی بیـگ بێنـد ئۆخسـت خەیسـت و کۆڕاڵـی کەنتیامـۆ دێڵفـت. گۆرانـی (شـیرینێ)، وتنـی شـاخەوان و ولیسـا ڤـان ئارنـد. ئۆرکێسـت بیـگ بێنـد ئوخسـت خەیسـت و کۆڕاڵـی کەنتیامـۆ

دێڵفت.

* لەو دوورەوە، لە دەرەوەی وڵاتیش پێشمەرگەی لەبیر نەکردووە و دڵی لەلایان بووە، بۆیە کۆنسێرتی ڕۆژی ٢٠١٦/٣/٥ی بۆ پشتگیری پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعش تەرخان کردووە، ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆڕاڵی فۆکاڵ ئەنسەمبڵە ئەلەخریا، گۆرانی (ئاڵاپۆش)، لە شیعری ئەحمەد محەمەدە کە بۆ پێشمەرگەی نووسیوە و بە تایبەتی داویەتی بە ئەوان، وتنی مارتین ڤان ئۆس و ئێلن ڤان ئۆس، لەگەڵ پێشکەشکردنی سروودەکانی (ئەی شەهیدان، ئەی ڕەقیب، من پێشمەرگەی کوردستانم، وا وەتەن خەملیوە، خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم، خوایە وەتەن ئاواکەی)، کە سەرجەمی ئەو گۆرانی و سروودانە لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بوون، ئەمەش دوا کۆنسێرتی بووە لە ئەورووپا پێشکەشی کردبێ، دواتر گەڕاوەتەوە کوردستان و درێژەی بەکار و چالاکییە هونەرییە جیاواز و تایبەتەکانی خۆی داوە.

* لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦، لە شاری سلێمانی فێرگەیەک دادەمەزرێنێ و ناوی دەنێ (فێرگەی نامدار قەرەداغی بۆ فێرکردنی مۆسیقا) کە بە فەرمی لە ٢٠١٧/٢/٤ کراوەتەوە. ئەم فێرگەیە چەندان چالاکی بۆ منداڵپارێزی کوردستان و کەمپی عەربەت و نەخۆشخانەی هیوا پێشکەش دەکات، فێرگەکە بێجگە لە سلێمانی، دەیان کۆنسێرتی هونەریی ڕەسەنی کوردی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ساز کردووە لەوانە: هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، دەربەندیخان، چەمچەماڵ، قەرەداغ، هەروەها ئەم فێرگەیە لە زۆر چالاکیی هونەری و لە بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانی و جیهانیدا بەشداری کردووە و بەلایڤ لە زۆر کەناڵی تەلەڤزیۆنی بەرنامەی پێشکەش کردووە و تا ئێستا لەسەر ئەو کار و چالاکی و بەرنامانەی بەردەوام بووە.

* لەمێژە وەک هونەرمەندێک شوێن پێی کار و چالاکییە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندەم هەڵگرتووە و ئاگاداری ئیشەکانی هەم، دوای ساڵی ٢٠١٦ کە بە یەکجاری گەڕایەوە کوردستان و لە سلێمانی گیرسایەوە و فێرگەیەکی بە ناوی خۆیەوە دانا، لەوساوە ویستوومە هەلێک بدۆزمەوە و گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەگەڵدا ساز بکەم و ئەو مێژووە پڕ لە سەروەری و چالاکی و بەخششە زۆرە بەسەر بکەمەوە، ئەوە بوو ساڵی پار توانیم ئەو ئەرکە ڕۆژنامەوانییە لە شاری سلێمانی بەجێ بگەیەنم و لە هەڤپەیڤینێکی بەرفراواندا بەسەری بکەمەوە، با بە یەکەوە گەشتێک بکەین و سەرێک بەناو ئەو وێستگانەدا دابگرین و ئەو خەرمانە دەوڵەمەندەی شەنوکەو بکەین.

**ڕامان:** ئاخر م. جەلال عەزیز بێجگە لەوەی کەسێکی شارەزای بواری کارگێڕی بوو و چالاکیی قوتابخانەکانی بەڕێوە دەبرد، خۆشی سەروساختی لەگەڵ هونەری سروود و گۆرانیدا هەبوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان پێکەوە باسی پرۆژەیەکی هونەریی هاوبەشتان نەکرد پێکەوە بیکەن؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، کە گوتم چالاکی هەبووە، ئەوە هی چالاکیی قوتابخانەکان بووە و پێکەوە کراوە، من ئەندامانی تیپی منداڵانی بێخودم بردووە، یان مامۆستاکانی دیکە بەناوی چالاکیی قوتابخانەکانەوە کاریان کردووە، جیاوازی نەبووە، ئەوەش پێکەوەبوون بووە، بۆ نموونە ڕێککەوتووە ئەندامەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی کە چالاکییەک هەبووە، هاتوون داوایان لە من کردووە بۆشاییەکی چالاکیی قوتابخانەکان پڕ بکەمەوە.

**ڕامان:** مەبەستم خودی م. جەلال عەزیز خۆیەتی، لەگەڵ یەکتر باسی هیچ پرۆژەیەکی هونەریتان نەکردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** پێوەندییەکی ئاساییم لەگەڵ خودی خۆیدا هەبووە، ئەو بەڕێوەبەر بووە، هونەرمەندێکی کۆنەکار بووە، ئەکادیمی بووە و لە بەغدا دەرچووە، بەڵام ڕاستییەکەی لەو زەمانەدا کاری هونەریی نەدەکرد، هەر تەنیا کاری کارگێڕیی دەکرد.

**ڕامان:** ئەگەر بتەوێ وەک ئینسانێک، کارگێڕێک، هونەرمەندێک هەڵیسەنگێنی کە لە ڕابوردوودا ئیشی هونەریی کردووە، چۆنی دەبینی؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەو دەورێکی باڵای هەبووە، لە کاتێکدا کە هونەرمەند، مۆسیقاژەن، یان دەنگخۆش لە سلێمانیدا زۆر زۆر کەم بوون و بە پەنجەی دەست دەژمێردران، ئەم یەکێک لەو دەگمەنانە بووە، کە کاری کردووە، بۆ نموونە ئەو سروودانەی بە دەنگی خۆی تۆماری کردوون، لە ڕێگەی چالاکیی قوتابخانەکانەوە، یان لەناو قوتابخانەکاندا بڵاو بوونەتەوە، ئەو سروودانەی ئێمە بە منداڵی وەرمان گرتوون، ئەو دەوری باشی تێیاندا هەبووە.

**ڕامان:** کەواتە تۆ زیاتر ئەو بە ئیدارییەکی باش دەبینی، کە دەوری لەناو هونەرمەنداندا گێڕاوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، وەکوو زۆربەی هەرە زۆری تاکەکانی دی، لەپێش ڕاپەڕین سانسۆر و چاودێری زۆری لەسەر بووە، دەسەڵاتی تەواوی کارکردنی نەبووە، وەک کوردپەروەرێک زۆر باش بووە، بەڵام نەیتوانیوە هەموو ئیشێک بە دڵی خۆی بکات، چونکە چاودێرییەکی چڕی لەسەر بووە، وەک هەموو هونەرمەندەکانی دی، بە تایبەتی وەک بەڕێوەبەرێک، زیاتر چاودێری لەسەر بووە و دەستی بەستراوەتەوە، لەگەڵ بوونی ئەو گوشارە زۆرەش، هەر کوردپەروەرێکی باش بوو.

**ڕامان:** سەبارەت بە م. جەلال عەزیز، کە هەڵسوکەوت و مامەڵەت لەگەڵ کردووە، ئەوەی پێوەندی بەوەوە هەیە، دەمەوێ زۆرتر باسی بکەی، ئەو بۆچی کەم قسەی دەکرد و کەمدوو بوو، تێبینیم کردبوو زۆر بێدەنگ بوو، هۆیەکەی چی بوو، کە نەیدەتوانی بەپێی پێویست ئیش بکات و کاری خۆی ڕاپەڕێنێ؟

**نامدار قەرەداغی:** هۆکارەکەی زیاتر لایەنی ئەمنی بوو.

**ڕامان:** لایەنە ئەمنییەکە هەر ئەوە بوو حکوومەت چاودێری دەکرد؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، بەردەوام چاودێری کراوە، ناو بە ناویش بانگ کراوە.

**ڕامان:** ئاگادار بووم لە پاش خۆنیشاندانەکان، ماوەیەک تەنگیان پێ هەڵچنی.

**نامدار قەرەداغی:** خۆپێشاندانی ساڵی چەند؟

**ڕامان:** ئەوەی ساڵانی هەشتاکان، کە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان خۆپێشاندانیان کرد، ئەوکاتە چەند کەسێکیان لە چالاکیی قوتابخانەکان دوور خستەوە، لەوانە جیهاد دڵپاک و ئیسماعیل خەیات و ئەوانە، لەوێ دوور خرانەوە، گوایە قوتابییەکانیان بۆ خۆنیشاندان هان داوە.

**نامدار قەرەداغی:** ئەوکاتە چووبوومە دەرەوەی وڵات، من لێرە نەبووم.

**ڕامان:** زۆربەی جار کە کورد زەرەری لە ئیشەکانی خۆی دەدا، بەهۆی بوونی دەستەگەرییەوە بووە، ئەوەش کاریگەری خراپی خۆی هەبووە، تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟

**نامدار قەرەداغی:** ڕاستییەکەی م. جەلال عەزیز کەسێکی زۆر ئیداری و کورد و کوردپەروەر بوو، لە سەندیکای هونەرمەندانی عێراقیش سەرۆکی لقی سلێمانی بوو، منیش ساڵێک لەگەڵی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەو سەندیکایە بووم.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٨٢ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، من لە ساڵی ١٩٨٢ لێرە ڕۆیشتم، یەک ساڵ لەوێ لەگەڵی بووم، ئیتر چوومە دەرەوەی وڵات، تا ئەو کاتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بووم.

**ڕامان:** لە سەندیکای هونەرمەندان، جگە لە م. جەلال عەزیز و تۆ، کێی ترتان لەگەڵ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** کاوەی ئەحمەد میرزا بوو، ئەگەر ناوی ئەندامەکانی دیکەم بیر بکەوێتەوە، (تەها خەلیل)ی تێدا بوو، جەلال عەزیز کۆمەڵێک گرفتی لەبەردەم بوو کە نەیدەتوانی بەدڵی خۆی کار بکات، یەکێک لەو گرفتانە چاودێریی ئەمنی لەسەر بوو، لەلایەن بەڕێوەبەری پەروەردەوە، گوشاری کارگێڕیی لەسەر بوو.

**ڕامان:** بیروڕای سیاسی جیاوازیش لەناو مامۆستایانی



**سلێمانی، هۆڵی سانەوی سلێمانی، ١٩٧٠، گۆرانیبێژ: جەلال کۆچەر. موزیکژەنەکان لە ڕاستەوە: ئەلبێرت عیسا، سەلاح ڕەشید، ئەنوەرە سوور، ئەکرەم ئەحمەد سەیفوڵڵا، محەمەد سەعید عەبدوڵڵا، عەلی ڕەزا، نامدار قەرەداغی.**

چالاکیی قوتابخانەکاندا هەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، بیروڕای جیاواز لەناو چالاکیی قوتابخانەکان هەبوو، دەتوانی بە دەستەگەری (کوتلەبازی)، یان بە بیروڕای جیاواز ناوی ببەی، بەهۆی ئەو بیروڕا جیاوازانەوە م. جەلال عەزیز نەیدەتوانی بە دڵی خۆی ئیشەکان ڕاپەڕێنێ، یان بەباشی بەڕێوەیان ببا، لەگەڵ ئەوەشەوە، ئەو کاتانەی ئەو لەوێ بەڕێوەبەر بووە، ئەوە کات و قۆناغێکی زێڕین بووە و کاری جوانی تێدا کراوە.

**ڕامان:** هەستت کردووە لەناو چالاکیی قوتابخانەکاندا چەند ئاڕاستە، یان کوتلە و دەستە هەبوون؟

**نامدار قەرەداغی:** با ناوی نەنێین دەستەگەری.

**ڕامان:** باشە، با ناوی بنێین ئاڕاستەی جیاواز.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئاڕاستەی جیا جیای تێدا بووە.

**ڕامان:** ئاڕاستەیەکیان تێدا بووە ویستوویانە خۆیان بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنن؟

**نامدار قەرەداغی:** م. جەلال عەزیز هەرچییەکی پێ کرابێ، مەرج نییە بەسەریدا سەپێنرابێ، تۆ لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکدا ئیش دەکەی، سێ

چوارێکیان بە جۆرێکی جیاواز بیر دەکەنەوە و دەیانەوێ کارەکان بە جۆرێکی دیکە بەڕێوە بچن، ئەوانەش ئیشکەرن، هونەرمەندن، یان خەڵکی ناسراون، لەم لاوە دووانی دیکە هەن، بە جۆرە بیرکردنەوەیەکی دی کار دەکەن، تۆ هەندێک جار ئەگەر زۆر دەسەڵاتت نەبێ، ناتوانی بەدڵی خۆت ئەم کارانە ڕێک بخەی.

**ڕامان:** منیش کە دوور و نزیک دۆستایەتیم لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندانی چالاکیی قوتابخانەکان هەبوو، بە حوکمی ئەوەش کە من فەرمانبەری مۆزەی ئیتنۆگرافی بووم، موزەکەمان زۆر لە چالاکیی قوتابخانەکانەوە نزیک بوو، هەروەها سەر ڕێی هاتوچۆی زۆربەیان بوو، بەردەوام دەهاتن بۆ لامان و سەریان لێ دەدایِن، منیش جاروبار دەچووم بۆ لایان و سەردانم دەکردن، ئاگادارم م. جەلال عەزیز یەکێک بووە لەوانەی پشتیوانی زۆری لە هونەرمەندەکان دەکرد، بە تایبەتی کە تووشی تەنگیایەک دەبوون، ئەو زۆر داکۆکی لێ دەکردن، تۆش هەڵوێستی وات لێ بینیوە و زانیوە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوەندە دەزانم کەسێکی ئیداریی دڵسۆز و کوردپەروەر بووە، لەسەر کوردپەروەری و پشتیوانی لە هونەرمەندەکان و ئەو ئیشانەی، تووشی گرفتی (ئەمن)یش بووە، چەندان کەڕەت گرفتی بۆ دروست بووە، لەبەر ئەوە من بە کەسێکی هونەرمەند و ئیدارییەکی دڵسۆز و کوردپەروەری دادەنێم، ئەویش کە لە شوێنێکی وادا کاری کردبێت و ئەمە دۆخی هونەرمەندان بووبێ و ئەم چاودێرییە ئەمنییە لە چوار دەوریدا هەبووبێ، بێگومان لەوانەیە هەندێک کاری کردبێت، من و تۆ حەزمان پێی نەکردبێت، یان حەزمان کردبێ بە جۆرێکی دیکە ئەو کارەی کردبا، یان ئێمە لەجێی ئەو بووینایە، سەبارەت بەو جۆرە بیروڕا جیایانە، حەزمان دەکرد بە جۆرێکی دیکە چارەسەر بکرێن.

**ڕامان:** بەڵام وەک لای تۆش زانراوە، هونەرمەندانیش نەک هەر بیروڕای جیاواز، بگرە میزاجی جۆراوجۆریشیان هەیە، ڕازیکردنی ئەو هەمووە میزاجە جۆراوجۆرانە زۆر قورسە، سەختە بتوانی هاوسەنگی لەنێوانیاندا ڕابگری و هەر هەمووی لێت ڕازی بن، ئەوەش بۆ خۆی کارێکی زۆر دژوار و زەحمەتە.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، زۆر ڕاستە، بۆیە من ناوم ناوە کەسێکی ئیداری، چونکە توانیویەتی هاوسەنگی لەنێوانیاندا ڕابگرێ، بەڵام جاری وا هەیە هاوسەنگییەکە بە دڵی من و بە دڵی خۆشی نییە.

**ڕامان:** تۆ لە کاری ئاوازدانانندا، چەند توانیوتە دەستی لاوەکان بگری، لەناو ئەو لاوانەی کە دواتر بوونەتە ناوی دیار و بەرچاو لەناوەندی هونەری کوردیدا، دەستی کێت گرتووە، پێم خۆشە بزانم تۆ لەسەر چ بنەمایەک دەستگیرۆیی ئەو هونەرمەندە لاو و بەهرەدارانەت کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوەندەی توانیبێتم لە ڕێگەی بەرپرسیارێتییەکەم کە بەرپرسی بەشی مۆسیقای کۆمەڵ بووم، پاشان سەرۆکی تیپی مەولەوی و دواتر تیپی منداڵانی بێخودم داناوە، دوای ئەویش لە دەرەوەی وڵات بەرکەوتەم لەگەڵ هەر لاوێکدا هەبووبێ کە حەزی کردبێت کاری هونەریی بکات، یان بەهرەیەکی هونەریی پێ بووبێت، هاتبێتە لای ئێمە، یان داوای لێمان کردبێت، ئێمە کەمتەرخەمیمان بۆی نەکردووە.

**ڕامان:** وا بزانم لەناو هەردوو تیپی کۆمەڵ و مەولەوی، زۆر لاو هەبوون و دەرکەوتن؟

**نامدار قەرەداغی:** تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، خۆی لە کۆمەڵێک لاو پێکهاتبوو،

کە سەرەتا توانایی هونەرییان زۆر نەبوو، تیپی مەولەوی-ش بە هەمان شێوە، لاوەکان بەڕێوەیان دەبرد، پاشان تیپی منداڵانی بێخود، ئەوە هەر خۆیان ناوەکەیان بە خۆیانەوەیە، منداڵن و هیچ نازانن، دەبێ لە سەرەتاوە فێریان بکەی، لەبەر ئەوە بەرکەوتەم لەگەڵ منداڵان و لاوەکان زۆر بووە و زۆر هەوڵم داوە یارمەتی هەموو ئەوانە بدەم، لەناو ئەوانەدا زۆر گۆرانیبێژ و موزیکژەنی تێدا هەڵکەوتووە.

**ڕامان:** لەوانەی دواتر بەناوبانگ بوون، کامانەن کە لەسەر دەستی تۆ دەرکەوتن و ئیشی جوانیان کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** لەوانەی من یارمەتیم دابن سەلاح مەجید و حەمەی نێرگز بوون، کە حەمەی نێرگز خۆی دەنگێکی ڕەسەن و چاکی هەبوو، بەڵام من زۆر لە خزمەتکردنی دەنگ و گۆرانی و تۆمارکردنی گۆرانییەکانیدا دەورم گێڕاوە، هەروەها لە سەرەتاوە عوسمان عەلی من هێنامە پێش.

**ڕامان:** دەورەکەی تۆ بۆ عوسمان عەلی هەر ئەوەیە ئاوازت بۆ داناوە، یان کارە هونەرییەکانیت بۆ ئامادە و دابەش کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** دەوری من ئەوە بووە ئاواز و پێشەکیی مۆسیقام بۆ داناوە، یان لە شێوەی چڕینی گۆرانییەکانیدا ڕێنماییم کردووە، ئیتر یارمەتییەکە لەم جۆرە بابەتانە بووە.

**ڕامان:** لەناو ئەوانەدا چەندیان ئافرەت بوون، کە دەستگیرۆییت کردوون؟

**نامدار قەرەداغی:** لە ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا ژمارەی ئافرەت کە بێنە دنیای گۆرانی و مۆسیقاوە، زۆر زۆر کەم بوون، بۆیە لەو ڕووەوە ئێمە کەم کارمان کردووە، بەڵام لە پاڵیشیدا هەر هەوڵمان داوە و توانیومانە گۆرانیبێژێکی ئافرەت بە ناوی نیشتمان بێنین.

**ڕامان:** ناوی تەواوی چی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نیشتمان محەمەد غەریب، دەستمان گرت، گۆرانیشمان لە تەلەڤزیۆن و لە ئاهەنگەکان بۆ ئامادە کرد، توانیمان کۆرسیان بۆ دروست بکەین، هەروەها توانیومانە لەگەڵ یەکێتیی ئافرەتاندا ڕێک بکەوین و هەوڵ بدەین پێکەوە شتێک بکەین، هەڵپەڕکێیان پێ بکەین، واتە ئەوەندەی لەو کاتەدا گونجاو بوو و ئێمە دەسەڵاتمان بەسەریدا هەبووە، هەوڵمان بۆی داوە، بەڵام ڕاستییەکەی نەک هەر من و نەک هەر ئێمە، بارە کۆمەڵایەتییەکە و دۆخە ناهەموارەکە ڕێگەی بەوە نەداوە کاری زۆرتر بکەین، وەک ئێستا نەبووە ئافرەت خۆی بێتە ناو دنیای هونەرەوە.

**مرۆڤبوون پێش کوردبوونە، کەسێک مرۆڤ نەبێ و کورد بێ، زەرەر لە کورد دەدات.**

**ڕامان:** تەنانەت ئەو کاتە بۆ پیاو و نێرینەش بارودۆخەکە وەک ئێستا ئاسان و هاندەر و لەبار نەبووە، لەلایەن کەسوکار و کۆمەڵگەوە ڕێگرییان لێ دەکرا.

**نامدار قەرەداغی:** لەگەڵتم، لەبەر ئەوە کارکردن زەحمەت بوو، بەڵام زۆر لەوانی تر لە (دارا هەورامی) یەوە بیگرە، تا ئەحمەد شووشەچی و مەحموود محەمەد سەعید و زۆر گۆرانیبێژی تر، توانیومە دەستیان بگرم و یارمەتییان بدەم و بەرەوپێشیان ببەم، زۆر لەو موزیکژەنانەی تواناییان سنووردار بووە، هاتوونەتە تیپی مۆسیقای (کۆمەڵ)ـەوە، یان تیپی مۆسیقای (مەولەوی)یەوە، من دەورم لە بەرزکردنەوەی ئاستیان، لە دەرخستنی بەهرەی زۆر لەوانەدا هەبووە.

**ڕامان:** لەوانەیە ئەم قسەیەم پێوەندی بە تۆوە نەبێ، دەپرسم چەند ئافرەتێک هاتنە

پێشەوە، چونکە هەندێکیان هەر زۆر زوو هاتن و ون بوون و لەسەر شانۆ دیار نەمان، هونەرمەند ئەنوەر قەرەداخی سەباح عومەر و سەمیرە نادری هێنایە پێش، هەریەکەیان گۆرانییەکیان گوت و دوایی ون بوون، تۆ هەواڵی ئەو ئافرەتە دەنگخۆشانە نازانی گەیشتنە کوێ و لە کوێن؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، بەڵام بۆ تیپی مۆسیقای سلێمانی- یش کە تیپێکی بەهێز بوو، ئەو هەموو هونەرمەندە گەورانەی تێدا بوو، کە چ وەک تەمەن و چ وەک ئەزموون ناودار بوون، بۆ ئەوانیش زەحمەت بوو ئافرەتێک بێنن و ببێ بە گۆرانیبێژ، هەوڵێکی زۆریشیان دا و هەندێکیشیان هێنایە پێش، توانییان لە ڕێگەی چالاکیی قوتابخانەکانەوە کۆرسی ئافرەتان دروست بکەن، یان لەگەڵ کوڕاندا تێکەڵیان بکەن. چالاکیی قوتابخانەکان بە قوتابخانەی سانەوەییەکانیشەوە زۆر ئیشی کردووە، ئەو کارە جوانانە لە کاتی بەڕێوەبەریی جەلال عەزیزدا بووە، زۆر لەو جۆرە کارانەیان کردووە.

**ڕامان:** بەڵام وەک دیارە کۆمەڵگە و دۆخی کۆمەڵایەتی ئەو کاتە ئاسان نەبووە تا هەنگاوی گەورەتر و باشتر بنرێت؟

**نامدار قەرەداغی:** ئێمە لە حەفتاکاندا پێویستمان بە دەنگی تیژی ئافرەت بوو لە گۆرانییەکاندا بەکاری بێنین، لە دابەشکردنی گۆرانییەکانماندا، بە ناچاری ئەمە بە دەنگی منداڵ پڕ دەکرایەوە، کە من دژی ئەم کارەم، بەڵام ئەوە ناچاری بووە، منداڵ هێنراوە و گۆرانیی سۆزداری پێ گوتراوە، کە ئەوە کارێکی پەروەردەیی نییە.

**ڕامان:** سەرەتا تۆفیق عەلی و خەسرەو ڕەفیق بوون هاتنە پێشەوە.

**نامدار قەرەداغی:** ئەمانە وەک دەنگی ئافرەت بەکار هێنراون، چونکە دەنگی منداڵ و ئافرەت



**سلێمانی، ٢٨/ ٢/ ٢٠١٨، بە بۆنەی یادی یەکەم ساڵی دامەزراندنی فێرگەی نامدار قەرەداغی، یەکەم کۆنسێرتی فێرگەیە لە هۆڵی تەلاری هونەر ساز کراوە.**

چینەدەنگیان تیژە، لە زمانی مۆسیقادا ئاڵت و سۆپرانۆی پێ دەڵێن، پیاویش تینۆر و باس، لە ناچاریدا ئەمە کراوە، بەڵام ئەمە پەروەردەیی نییە، من لەو کاتەشدا حەزم نەکردووە منداڵ گۆرانیی سۆزداری بڵێ، چونکە منداڵ دەبێ گۆرانیی منداڵانە بڵێ، جیهانی خۆی و ژیانی وایە.

**ڕامان:** پێویستە منداڵ لە جیهانی خۆی دوور نەخرێتەوە.

**نامدار قەرەداغی:** لەبەر ئەوە دەڵێم ئیش کراوە و دەوری خۆشی بینیوە، وردە وردە زیادی کردووە، ئێستا دەبینین لەچاو ئەوسا، هەنگاوی باش نراوە.

**ڕامان:** لەو سەردەمانەدا سەلاح ڕەئووف (پەیمان عومەر)ی هێنا و بایەخی پێ دا، ئاوازی بۆ دادەنا و دەنگی تۆمار دەکرد، ئەنوەر قەرەداغی چەند ئافرەتێکی هێنایە پێش، تۆ جگە لە نیشتمان محەمەد غەریب توانیوتە ئافرەتی دەنگخۆشی دی پێ بگەیەنی و بیهێنیتە پێشەوە و ئامادەبوونێکی بەردەوام و بەرجەستەی بدەیتێ؟

**نامدار قەرەداغی:** من لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ وڵاتم بەجێ هێشت، چووم بۆ هەندەران، تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ش ژمارەی ئافرەت زۆر کەم

بوون، ئێمە ئەو کاتە کە لە تیپی مەولەوی بووین، هەوڵمان دا کارێکی وا بکەین و ئافرەت بهێنینە پێشەوە، نیشتمان محەمەدمان هێنا و گۆرانیشمان پێ گوت، بەڵام جەنگی نێوان ئێران و عێراق و ڕەوی من وای کرد ئیش و کارم لەناو کوردستاندا کۆتایی بێ و بچمە دەرەوەی وڵات و لەوێوە درێژە بە کارە هونەرییەکانم بدەم.

**ڕامان:** دوایی دەچینە سەر ئەو چالاکییانەی دەرەوەی وڵات.. کە لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی سەرۆکی تیپەکە بووی، دواتر تیپی مۆسیقای مەولەوی-ت دانا، بێجگە لە خۆت کە ئیشی ئاوازدانان و دابەشکردنت کردووە و پێشەکیت بۆ گۆرانییەکان داناوە، کەسی وا هەبووە ئاوازێکت بۆ بێنێ و بەدڵت بووبێ و کارت لەسەر کردبێ؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ بەڵێ.

**ڕامان:** وەکوو کێ؟ پێم خۆشە باسی یەکە یەکەی ئەوانەم بۆ بکەی.

**نامدار قەرەداغی:** بۆ نموونە حەمەی نێرگز، خۆی ئاوازی هێناوە، «بۆ بێ لەو چاوە کاڵانە»، ئەم گۆرانییە ئاوازی خۆی بوو، من هەندێک ڕێنماییم داوەتێ و گۆڕانکارییەک کە پێویست بووبێ بۆم کردووە.

**ڕامان:** خۆت ئاوازەکەت بەدڵ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** زۆر زۆریش بەدڵم بوو، ڕۆژانە بۆی دەگوتم، ڕۆژانە گوێم لێ دەگرت، ئەوە بوو پێشەکیی مۆسیقا و دابەشکردنی مۆسیقام بۆ کرد، لەو هەورەبانەی تیپی مەولەوی بۆشمان تۆمار کرد، بەڵێ ئەمانە بووە و ڕووی داوە.

**ڕامان:** بێجگە لە حەمەی نێرگز، کێی تر هاتنە لات و ئاوازیان بۆت هێنا؟

**نامدار قەرەداغی:** عوسمان عەلی گۆرانیی «شەوی بەرات»ی هێنا و گوتی ئەمە ئاوازی خۆیەتی، سەلاح مەجید «شاییە زەماوەندە»ی وەرگرتووە و هێنای و بە مۆرکی خۆی گوتی، زۆربەی گۆرانییەکان، کە گۆرانبێژەکان دەیانهێنان، یان پێکەوە دەماندۆزینەوە، نەک من ناچارم کردبن، دەبێ گۆرانبێژ ئەو گۆرانییەی دەیڵێ، لەگەڵ قورگی بگونجێ، خۆی پێی خۆش بێ، لەگەڵ مۆرکەکەی خۆیدا بێ، لەوانەمان زۆرن.

**ڕامان:** بێجگە لە سەندیکای هونەرمەندانی عێراق- لقی سلێمانی، ساڵانی هەشتاکان، ساڵێک لە دەستەی کارگێڕییەکەی کارت کردووە، دیارە پێشتریش ئەندامی سەندیکاکە بووی، لە چ ڕێکخراوێک، سەندیکایەکی دی ئیشت کردووە کە پێوەندیی بە هونەرەوە هەبووبێت؟

**نامدار قەرەداغی:** لە هیچ سەندیکایەک ئیشم نەکردووە، ئەو سەردەمە هیچ سەندیکایەک لە کوردستاندا نەبووە ئیشی تێدا بکەین، لە سلێمانی جگە لە سەندیکای هونەرمەندانی عێراق کە ئێمە لقی سلێمانی بووین، چالاکیی قوتابخانەکان سەر بە پەروەردە بوو، سەر بە کەسی دیکە نەبووە، هونەرمەند لەگەڵ تیپە مۆسیقاییەکان بووە، هیچ شوێنی دیکەی نەبووە، ئیتر سەندیکای ئەندازیاران و سەندیکای کرێکاران هەبوون، ئەمانە من تێیاندا ئەندام نەبووم، بەڵام زۆر کارمان بۆیان کردووە، داوایان لێ کردووین، ئاهەنگمان بۆ گێڕاون و یارمەتیمان داون، پێوەندییەکی باشمان لەگەڵیان هەبووە.

**ڕامان:** با نەختێ لەسەر سەندیکای هونەرمەندان بوەستین، ئێستا گوتت تەنیا سەندیکای هونەرمەندان هەبووە، کە خۆشت لە دەستەی کارگێڕی ئەو سەندیکایەدا بووی، بە ڕای ئێوە سەندیکای هونەرمەندان چەند لە خزمەتکردنی هونەرمەنداندا ئامانجەکانی خۆی بەدی هێنا و توانی لێیان نزیک بێتەوە؟ ئێوە توانیتان چی بۆ هونەرمەندان بکەن؟

**نامدار قەرەداغی:** زۆر کەم توانیمان خزمەتیان بکەین، یان هیچ نەمانتوانی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانمان نزیک ببینەوە.

**ڕامان:** سەردەمێک سەندیکای هونەرمەندان دەیگوت هەوڵ دەدەین زەوی بۆ هونەرمەندان وەرگرین، ئەمە بە کوێ گەیشت و چۆن بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، لەلایەن سەندیکای هونەرمەندانەوە هەوڵی وا دەدرا، لەلایەن کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپەکانی دیکەش کە زەوی بە هونەرمەندان بدرێ، ئەم کارە کرا و جێبەجێش بوو، بێگومان سەندیکاش دەوری گەورەی تێدا هەبووە، کۆمەڵ دەوری خۆی تێدا گێڕا، کە داوا لە پارێزگار و بەرپرسەکان دەکرا هونەرمەندان عەرزەیان بدرێتێ.

**ڕامان:** نەقیبی سەندیکای هونەرمەندان لە عێراق، داود ئەلقەیسی بوو، کە ئەو خۆی لەو زەمانەدا لە ناو ڕژێم کەسێکی دەستڕۆیشتووی بەهێز بوو.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، هەندێ هونەرمەندی بەغدا لە هەندێک ڕووەوە کوردیان خۆش ویستووە، بەڵام بارە سیاسییەکە نالەبار بووە، من یەکێک بووم لەوانەی عەرزەم بەر کەوت، عەرزەی هونەرمەندان جیاکرایەوە و ئیفرازیش کرا، بەڵام دوایی لێیان سەندینەوە.

**ڕامان:** بۆچی لێیان سەندنەوە؟ هۆکارەکەی چی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** شتێک هەیە کە دەمەوێ باسی بکەم، کاتێک جەنگی نێوان ئێران و عێراق دەست پێ دەکات.

**ڕامان:** پێم باشە باسی ئەو قۆناغە گرنگە بکەین، هونەرمەندان و ئەدیبەکان چاودێری ورد و گەمارۆیەکی سەختیان لەسەر بوو.

**نامدار قەرەداغی:** هۆکاری ئەوەی زەوییەکانیان لێ وەرگرتینەوە لەوێوە دەرکەوت، ئێمە گوشارێکی زۆرمان لەسەر بوو، هەموو تیپەکان بە مۆسیقا و گۆرانی و نواندن و لقەکانی دیکەوە، چاودێرییەکی گەورەمان لەسەر بوو، ساڵانە هاوکارییەکی زۆر بچووک دەکراین، ئەویش لە ڕێگەی (ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری)یەوە بوو، بە تەواوی نازانم لە ڕیگەی کێوە بوو، لە ڕێگەی حکوومەتەوە گۆرانییەکمان بۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن تۆمار دەکرد، تۆمارکردن سیستەمی خۆی هەبوو، گۆرانیبێژ بەشە پارەی خۆی هەبوو، ئاوازدانەر، شاعیر، موزیکژەنەکان، ئەمانە هەموویان بەشە پارەی خۆیان هەبوو.

**لە حەفتاکان، کە لە گۆرانییەکاندا پێویستمان بە دەنگی تیژی ئافرەت دەبوو، بە ناچاری ئەمەمان بە دەنگی منداڵ پڕ دەکردەوە.**

**ڕامان:** وابوو، پارەکەش بە بەراورد لەگەڵ پاداشتی هونەرمەندە عەرەبەکان زۆر کەم بوو.

**نامدار قەرەداغی:** گۆرانیبێژێکی عەرەب چەندی وەردەگرت، بۆ کورد چارەکی ئەوەیان نەدەدا، بڕە پارەیەکی زۆر کەم بوو، ئەو ساڵانەی کە پارە لە عێراق وەردەگیرا، دەبوو بە تیپە ڕەسمییەکانیش بدرێ، ئەویش بڕە پارەیەکی زۆر کەم بوو، ئەوە نەبوو ئیدارەی پێ بکرێ.

**ڕامان:** بۆیە دەبوو تیپەکان بە ئابوونەی ئەندامەکان، یان بە پاڵپشتی هەندێ لە دەوڵەمەندەکان بەڕێوە بچن.

**نامدار قەرەداغی:** لەو کاتانەدا هەرچییەکمان کردووە هەمووی خۆبەخش بووە، خەڵک بە پارە نەهاتووەتە ژوورەوە، کۆنسێرت و ئاهەنگەکان و هەر چییەک کرابێ، بۆ هەمووان بە خۆڕایی بوو، پارەمان تێیدا سەرف کردووە، بەو پارەیەی هاوکاری دەکراین نەدەتوانرا کار بکرێ،

بۆیە ئابوونە هەبوو، هەموو ئەندامێک، بۆ کرێ خانوو و ئەو جۆرە شتانە، لە هەموو تیپەکاندا دەبوایە مانگانە ئابوونە بدرایە، یان ئەگەر دەوڵەمەندێکت دەست بکەوتبایە و پێت گوتبا ئەو کارەت بۆ دەکەم، ئەویش یارمەتییەکی دەدای.

**ڕامان:** لە کاتێکدا وەک ئاگادارم هاوکاری-(مینحە)ی ساڵانەش زۆر کەم بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** هەر زۆر کەم بوو.

**ڕامان:** ئەو کاتە لەلایەن ئەمینداریەتی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوان پارە دەدرا، وەک من ئاگام لێ بوو، هاوکارییەکی زۆر ڕەمزی دەدرایە تیپەکان.

**نامدار قەرەداغی:** بڕی پارەکەم بیر نایەت، بەڵام زۆر کەم بوو، ئەویش ساڵانە دەماندرایێ.

**ڕامان:** پارەی شاعیر و ئاوازدانەر و گۆرانیبێژ و ئەوانەش زۆر کەم بوو، ئەگەر هی بەغدا پەنجا دینار بوو بێ، هی ئەوانەی خۆمان سێ دینار و پێنج دینار و دە دینار و ئەو دەورانە بووە، من ئاگادارم جارێکیان بۆ شیعرێکی عەبدوڵڵا پەشێو کە کرابووە گۆرانی، سێ دیناریان نووسیبوو.

**نامدار قەرەداغی:** بڕە پارەی زۆر بە گۆرانیبێژە عەرەبەکان دەدرا، بەڵام گۆرانیبێژە کوردەکە کە پارەکەی وەرگرتووە، ئەوەش بە کەسەکە نەدراوە، لە تیپی مۆسیقای مەولەوی، پارەکە هەر بۆ تیپەکە بووە.

**ڕامان:** لە پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٠ شەڕی نێوان عێراق و ئێران دەستی پێکرد، ئیتر ڕژێمی بەعس لەو سەردەمەدا گوشارێکی زۆری خستە سەر نووسەر و ئەدیب و شاعیر و موزیکژەن و گۆرانیبێژ و شانۆکار و هەموو تیپەکان بە گشتی، لە شاری سلێمانی کە من ئەوسا لێرە بووم، گوشارێکی زۆر لەسەر تیپەکان هەبوو، دەیانویست بە ئەنقەست هونەرمەندانی سلێمانی و تیپەکانی شارەکە لە بۆنەکانی خۆیاندا بەشداریی پێ بکەن، ئاگام لێیە جارێکیان بە بۆنەی یادی ڕۆژی پارێزگای سلێمانی «یوم المحافظة»، لەو چالاکییەدا هەموو هونەرمەندەکانیان لە هوتێلی حەسیب ساڵح کۆکردەوە، هەموو تیپەکانی کوردستانیان هێنایە ئەوێ، پێیان گوتبوون هەموو ئەو تیپانە بە لایەک، تیپی مۆسیقای سلێمانی بەلایەک، با بێن و گۆرانیبێژەکانیان گۆرانی بڵێن، من ئەوەم لەبیرە، لە دەمی هونەرمەندەکان خۆیان زانیومە، دەمەوێ باسی ئەو ڕووداوەم بۆ بکەی، ئەو جۆرە گوشارانە لەسەر ئێوە چۆن بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ساڵی ١٩٨٠، کاتێ جەنگی نێوان ئێران و عێراق بوو، ئەم جەنگە بۆ هەموو عێراق بە کوردستانیشەوە بەدبەختی و نەگبەتییەکی گەورە بوو، خەڵکێکی زۆر بە زۆرەملێ دەگیران و دەبوایە بڕۆیشتنایە بۆ سەربازی، لەم جەنگەدا خەڵکی زۆری تێدا دەکوژرا، سەیرمان کرد لە سەرجەم شارەکانی دیکەی عێراق، گۆرانیبێژە عەرەبە بەناوبانگەکان و تیپەکانی عێراق، هەموویان سەرقاڵ بوون، ڕۆژ نەبوو دوو سێ سروود و گۆرانیی تازە بۆ جەنگی قادسیە دەرنەچێ و بەسەر قادسیە و سەددام حسێن و جەنگەکەیدا هەڵنەدەن، ڕاگەیاندنێکی زۆر بەهێز هەبوو، کە لەلایەن وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراقەوە بەڕێوە دەبرا.

**ڕامان:** ئەو کاتە عێراق (٥) فەیلەق سەربازی هەبوو، ڕاگەیاندنیان بە فەیلەقی (٦) ناو دەبرد.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی بەغدا و کەرکووک و هەموو شارەکانی دی، زۆر خەڵکیان هان دەدا کە لە شەڕەکەدا بەشدار

بـن، بۆیـە ئێمـەش وەک سـەرۆک تیپەکانـی دی چەند کەڕەتێک بانگ کراین، پارێـزگار دوو جار بانگی کردین، بە ئامادەبوونـی بەڕێوەبـەری ئەمن قسـەی بـۆ کردیـن.

**ڕامـان:** لەگـەڵ تیپەکـەی ئێـوە بـە جیـا، یـان لەگـەڵ هەمـوو تیپـەکان پێکـەوە کۆبوونـەوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** هەمووم‌ان بە یەکەوە بووین، جارێکیـان لـە ئەمـن بانـگ کراین، بەڕێوەبـەری ئەمن کـۆی کردینـەوە، وابزانـم لـە مونەزەمـەش بـوو، چەنـدان کـەڕەت ئـاوا بانـگ دەکرایـن و دەچووین، داوایـان لـێ دەکردیـن کـە کار بـۆ قادسـیەی سـەددام بکەیـن، ئەوانـەی بانـگ دەکرایـن وەکـوو پێشـتر گوتـم سـەرۆک تیپـەکان بوویـن، جـەلال عەزیـز، ئەنـوەر قەرەداغـی، فەرەیـدوون دارتـاش، ئەحمـەد سـالار و مـن بوویـن. هەمـوو سـەرۆک تیپـەکان ئامـادە دەبـوون، پێکـەوە دەڕۆیشـتین و قسـەی جوانیـان بـۆ دەکردیـن.

**ڕامان:** قسە جوانەکانیان چی بوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** پارێـزگار شـێخ جەعفـەر بەرزنجـی بـوو، پێـی دەگوتیـن هەمـوو شـارەکانی عێـراق هونەریـان بـۆ قادسـیەی سـەددام پێشـکەش کـردووە، تەنیـا سـلێمانی نەیکـردووە، تکاتـان لـێ دەکـەم، هـەر بـە پاڕانـەوە لێتـان دەپاڕێمـەوە، ئێـوە یـەک گۆرانـی بـۆ قادسـیە بکـەن، بـۆ ئـەوەی وەک دژی خۆیـان سـەیری سـلێمانی نەکـەن، هـەر یـەک کاری هونەریـی بکـەن، بـۆ ئـەوەی شـارەکەمان وێران نەبـێ، بـۆ ئـەوەی شـارەکەمان شـتی خراپـی بەسـەر نەیـەت، پێویسـتە هـەر چۆنـێ بـووە شـتێک بکـەن، ئەوەتـا هەمـوو شـارەکان کردوویانـە، یـەک لـە دوای یـەک شـارەکان بـە بەردەوامی کاری هونـەری دەکەن، ئێـوەش یـەک کاری هونـەری بـۆ قادسـیە بکـەن، بـۆ ئـەوەی ئـەم شـارە تووشـی زەرەر و خراپـە نەبـێ.

**ڕامـان:** تەنیـا پارێـزگار قسـەی بۆتـان دەکـرد، یـان بەڕێوەبـەری (ئەمن)یـش قسـەی بـۆ دەکردن؟

**نامـدار قەرەداغـی:** پارێـزگار بـە ئامادەبوونـی بەڕێوەبـەری ئەمـن قسـەی دەکـرد، پارێزگار دەیگـوت مـن بـۆ ئەم شـارە لەو سیاسـییانەی شـاخ دڵسـۆزترم، ئـەو بـە ئاشـکرا نـاوی دەبـردن، زۆر شـتی بـۆ بـاس دەکردیـن، دەیگـوت ئەوانـە چـی دەکـەن، پۆلیسـێکی کـورد کـە پاسـەوانە و بـە مۆڵـەت دەگەڕێتـەوە نـاو ماڵـی خـۆی، تـەق دەیکـوژن و دەڵێـن پۆلیسـێکمان کوشـتووە، مـن لەوانـە زیاتـر کـورد و سـلێمانیم خۆش دەوێ، ئـاوا بـۆی بـاس دەکردیـن، ئەوجـا دەیگـوت بـا شـتێک بکەیـن بـۆ ئـەوەی شـارەکەمان تێـدا نەچـێ، ئێمـەش گەنـج و خوێنگـەرم و کوردپـەروەر بوویـن، خـۆ ناوێریـن ڕاسـتەوخۆ بڵێیـن نایکەیـن.

**ڕامان:** پاساوی ئێوە بۆ کارنەکردن چی بوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئێمـە دژی بەعـس و قادسـیەی سـەددام بوویـن، دەمانگـوت کارمـان پـێ ناکـرێ، ناتوانیـن کار بکەیـن، ئەندامەکانمـان بـوون بـە سـەرباز و کەسـی وا لـە تیپەکەمـان نەمـاوە، تەنانـەت جارێـک ناچـار بوویـن بـە درۆ گوتمـان ئەگـەر کاری وا بکەیـن، ئەوانـەی شـاخ، کـە ئـەوان پێیـان دەگوتـن موخەڕیب، شـەو دێـن و دەمانکوژن، چـی بکەیـن، دەسەڵاتیشـمان نییـە، بـەم شـێوەیە بیانوومـان بۆیـان دەهێنایـەوە، جارێکـی دی بانـگ کرایـن، هـەر ئـاوا بیانوومـان بۆیـان هێنایـەوە، دەمانگـوت هـەوڵ دەدەیـن و ناتوانیـن، ئەندامەمـان نەمـاوە.

**ڕامـان:** دواجـار بـە پاسـاو هێنانـەوە و قسـەکانتان کۆڵیـان دا، بـە هێنانـەوەی بیانووەکانتان قەناعەتیان کـرد و وازیـان لـێ هێنـان؟

**نامـدار قەرەداغـی:** زۆر داوایـان لـێ کردیـن، دواجـار پارێـزگار گوتـی باشـە بـڕۆن بیرێکـی لـێ بکەنـەوە، بـەڵام تکاتـان لـێ دەکەم، ئەمـە لەپێناوی خزمەتـی شـارەکە و کـوردی شـارەکەمان بکـەن.

حەفتەیەکی دیکە بوو، کەی بوو، گوتی وەرنەوە و وەڵامم بدەنەوە، هەر هەمان کەسەکان بۆ وەڵامەکەی چووینەوە لای، لە ژووری سکرتێرەکەی دانیشتبووین، چوو پێی گوت سەیدی (گەورەم) ئەوە هونەرمەندان و سەرۆکی تیپەکان هەموویان لێرەن، دیار بوو خەڵکی دیکەی لەلا بوو، ئێمە بە سکرتێرەکەمان گوتبوو ناتوانین ئەو کارە بکەین. گوتی دەڵێن چی؟ بە عەرەبی قسەیان دەکرد، بە عەرەبی کەوتە جنێودان پێمان، ئەوە خۆشمان گوێمان لێیە و هەموو دانیشتووین. گوتی با برۆن و وەل بن، ئەوە بوو رۆیشتین.

**ڕامان:** ئێوە هەمووتان یەک هەڵوێستتان هەبوو، قسەتان یەک بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** یەکێک لە برادەرەکان کە لەگەڵماندا بوو، ناوی ناڵێم، گوتی دەبا شتێک بکەین، هەر پێمانی دەکەن، هەموو بە گژیدا چووین. زۆر گوشارمان لەسەر بوو، ڕاستییەکەی لە خۆشمان دەترساین، کە ئەمە ناکەین شتێکمان لێ بکەن. شتی مەترسیداری وامان کردووە، لەوانەیە ئێستا بەم تەمەن و ئەزموونەوە بڵێین ئەوە چۆن وێراومانە و کردوومانە، ئەم کارە مەترسیدارە، ئەگەر نەتانکردبایە باشتر بوو، ئەی ئەگەر بگیرابایەن، لەبەر ئەوەی گوشارەکە لەسەرمان زۆر بوو، حکومەتی شۆڤێنی بەعس دەیویست بمانتوێنێتەوە و لە کولتوورمان بدا و بیسڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەش کاردانەوەی ئێمە دە ئەوەندە بوو، بۆیە نەدەترساین، وای لێ هاتبوو ئەوەندە گوشارەکەمان لەسەر زۆر بوو، ناچار کاردانەوەمان دەبوو، بۆیە بە نهێنی ئەو کارانەمان دەکرد.

**ڕامان:** باسێکی تۆمارگەی کانیاومان بۆ بکە، چەند لە تۆمارکردنی گۆرانی یاساغ و زیادکردنی کاسێتە قەدەغەکان دەوری هەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** جارێکیان (ئەمن) هات و گوتی دەبێ ئەو ناوونیشانەی سەر دووکانەکەتان بگۆڕن، سەردەمانێک لە بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی جەماوەر بڕیار بۆ هەموو دووکاندارەکان هات کە دەبێ ناوونیشانی کوردیی سەر دووکان نەمێنن و هەمووی بکەن بە عەرەبی، ئێمەش هەر خۆمان لێی دەدزییەوە و نەماندەکرد، زۆر دووکاندار کردیان، لای ئێمە ناوەکەی هەر بە (کانیاو) مایەوە، بە گەورەیی و لە سێ لاوەوە سەیرت بکردبایە کانیاو بە کوردی و بە عەرەبی و بە ئینگلیزی بوو، ناوونیشانێکی زۆر جوان و گەورە بوو، دوو سێ جار هاتن گوتیان دەبێ ئەو ناوونیشانە بگۆڕن.

**ڕامان:** سزای نەگۆڕینی ناوونیشانی سەر دووکانەکان چی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** دواجار کە هاتن گوتیان بەیانی ناوی دووکانەکەتان نەگۆڕابێ، دەتانگرین و دووکانەکەتان دادەخەین، ئەوە دوا بڕیاریان بوو، بەڵام چۆن وێراومانە نەیگۆڕین؟ چووینە ئەو بەرەوە، حەمەڕەشید خەتات هەبوو، مامۆستا بوو، ئەوە هاوڕێمە، هەر ڕێک بەرانبەر تۆمارگەی کانیاو، لە شەقامی پیرەمێرد بوو، حەیفە ئەو وێنەیەم نییە، بە لافیتەیەکی زۆر گەورە بە قەدەر قەتعەکەی خۆمان بۆی نووسین و هەڵمانواسی، ئەوان گوتیان دەبێ ناوی بنێن وادی، ئاخر تۆمارگە چۆن دەبێ ناوی وادی بێ؟ ئەوان خۆیان ناوەکانیان بۆ دانابووین، لیستم بۆ هات، کە ناوی کانیاو دەبێ بکرێ بە وادی، بە عەقڵییەتی خۆیان کانیاو واتای وادی دەگەیەنێ، بە بچووکی بۆمان نووسین تۆمارگەی ئەلوادی، چەند ئەوەندە گەورەتر «کانیاو سابیقەن»ی لە ژێرەکەی نووسی، خەڵک نەیدەوێرا سەیری ئەمە بکات، دەیانگوت ئەوە چی دەکەن، ئێمە ئەو قەتعەیەمان هەڵواسی.

**ڕامان:** دواجار بڕیاری ئەوانتان جێبەجێ کرد و ئەوەی ئەوان ویستییان ئەوە هەڵواسرا؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، بـاوەڕ بکـە ئەوەمـان نەکردایـە دەگیرایـن، هاتنەوە گوتیـان بەیانی نەکرێ دەگیرێـن، ئیتـر ئەمـە دوا ئـاگادار کردنەوەیـە.

**ڕامان:** ئـەو گوشارە زۆرە لـە سـەردەمی بەڕێوەبەریی (محەمەدئەمیـن پێنجوێنی)یـە، کـە لـە بەڕێوەبەرێتیـی ڕۆشـنبیریی جەمـاوەر بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ڕاسـتییەکەی ئـەوەم لـە بیـر نییـە، نازانـم سـەردەمی ئـەو بـووە، یان نا، سـەردەمی ئەویش بووبـێ، ئـەو لـە سـەرەوە ئەمری پـێ کراوە، نەیتوانیـوە بڵـێ جێبەجێـی ناکـەم، چونکـە مـن شـایەتی بـۆ دەدەم، کـە ئـەو کەسـێکی کوردپـەروەر بـووە و ئیشـی بـۆ کـورد کـردووە، بـەو بچووکییـە بنووسـین وادی و بـەو گەورەییيـە بنووسـرێ (کانیـاو سـابیقەن)، ئـەوە بوێرییـە.

**ڕامان:** ئەمـە بـۆ خـۆی چاوقایمـی و کاردانەوەیەکی گـەورە بـووە، دەنـا قـەت ئـەم کارەتان پـێ نەدەکرا.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئـەم گوشـارە زۆرەت لەسـەر نەبـێ، قـەت ئـەو کاردانـەوە بەهێـزەت نابـێ، ئـەو گیانـی کوردایەتییـەی هەمانبـوو، کـە دەبـێ گۆرانییەکانمـان ڕەسـەن بـن و دەبـێ بـە زمانـی کـوردی بخوێنرێـت، دەبـێ وا و دەبـێ وا بـێ، ئـەم هەمـوو شـتە لـە ڕوحیەتێکی پاکی کوردەوارییـەوە هاتـووە، ئـەم ڕوحیەتـەش لـە گوشـارە زۆرەکـەوە دروسـت بـووە.

**ڕامـان:** ئـەی ئێسـتا گوشـارەکە لەسـەر کـورد چـۆن دەبینـی؟

**نامدار قەرەداغـی:** ئێسـتا گوشـارەکە لـە جـاران زۆرتـر بـووە، لـەم سـاتەدا گوشـاری چواردەورمـان لـە جـاران زیاتـرە، ئێسـتا گوشـارەکە بـە نەرمییە، لـە ئێـران و تورکیـا و عێـراق و چواردەورمـان گوشـار هەیـە، بـەڵام چونکـە نەرمـە نایبینـی، سـۆفتە و هەسـتی پـێ ناکرێ.

**ڕامان:** بـەلای منـەوە ئەم گوشـارە نەرمە مەترسییەکەی لـەوەی جـاران زیاترە.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئێسـتا نەوەیـەک پەیـدا بـووە، سـەردەمی بەعسـی نەدیـوە، حکوومـەت و ئەمـن و ئیسـتیخباراتی نەدیـوە، گەنجـی نەدیـوە لەسـەر شـەقام تەنیـا لەبـەر ئـەوەی زوڵفـی هەیـە، بیکوژن و دەمانچـە بخەنـە بـەر پشـتوێنی و بڵێـن دەمانچـەی پـێ بـوو، بۆیـە کوشـتمان. لاوانی ئەمڕۆ ئەمانەیـان نەبینیـوە، لەبـەر ئـەوە ڕوحیەتـی کوردایەتـی لاواز بـووە، کـە ڕوحیەتـی کوردیـی لاواز بـوو، مۆسـیقای کوردی، کولتووری کـوردی، جلی کـوردی، خواردنـی کـوردەواری دەشـێوێن، هـەر شـتێک پێوەنـدی بـە کـوردەوە هەبـێ دەشـێوێ، ئەمـەش لـە نەمانـی ئینتیمـای نەتەوەییيـەوە هاتـووە.

**ڕامان:** ڕژێـم هەمیشـە لەسـەر دوو ئاسـت ئیشـی کـردووە، ئاسـتێکیان لـە سـەرەتاوە بـە نەرمـی لێـت دەهاتـە پێـش، هەندێـک جار بە کەسـەکەیان گوتـووە پلەوپایـە، زەوی و پارەوپـوول و چـی و چیـت دەدەینـێ، بـۆ ئـەوەی لەگەڵیـان هـاوکار بـێ، کـە زانیویانـە بـەم ڕێگەیـە لێیـان ناچیتـە پێـش و سـوودی نییـە، ئەوجـار بـە گوشـار و چاوسـوورکردنەوە و هەڕەشـە لەگەڵیـان دەکـرد، جـاری وا هەبـووە بـە گشـتی لەگـەڵ تیپەکـە خەریـک بـوون، جـاری واش هەبـووە ئیشـیان لەسـەر یەکـە یەکـەی هونەرمەنـدان کـردووە و هەڵیـان پێچـاون، ڕێگـەی دووەم لەگـەڵ تـۆ ڕووی داوە، کـە بـە تەنیـا بانگـت بکـەن؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، ئـەوەش ڕووی داوە، جارێـک بـە تەنیـا گەڕێکیـان پـێ کـردم، لـە لایەنێکـەوە لـە ڕێگـەی دەسـتگەری- کوتلەبـازی و مونافەسـە و ئـەم شـتانەوە، شـتێکم بـۆ دروسـت کرابـوو کـە دەسـتەیەک لـە شـوێنێک، بەهـۆی ئـەو تۆمارگـەی (کانیاو)ـەوە شـکاتیان لـە مـن کـرد، دایـرەی (ئەمـن) بانگـی کـردم، شـەش حـەوت جار

چووم بۆ ئەمن، سالاری برام دە جار چوو بۆ ئەمن، گوتیان سەرپێچییەکی واتان هەیە.

**ڕامان:** سەرپێچییەکە چی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** گوتیان کاسێتێکتان بڵاو کردووەتەوە مۆری پێوە نەبووە، ئیتر شتێکمان بۆ دروست کرا، ویستیان لێمان بدەن، لێک تێنەگەیشتنیشی تێدا بوو، ئەمە لەگەڵ من و سالاری برام ڕووی دا.

**ڕامان:** تۆمەتەکەتان هەر ئەو کاسێتە بێ مۆرە بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، پێیان دەگوتین خەڵکانێک ئەوەیان لەگەڵ کردوون، ئێوەش زانیاریمان لە بارەی ئەوانەوە پێ بڵێن، ئەوە تۆ دەڵێی ئێمە ئەو کارەمان نەکردووە، یان ئەو قسەیە وا نییە، ئێمەش هەموو جارێک دەمانگوت ئەوانە هیچ شتێکیان نییە تا بە ئێوەی بڵێین. ئەو دەستەیە (کوتلە)، یان ئەو لایەنە، ئەوانە سەر بە هیچ لایەک نین، ئەوانە وان و وان و منیش بڕیارم داوە هیچ نەڵێم بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێ ئەوانە چین و چی نین، گوتوومانە هیچ عەیبێکی ئەوان نابینین تا پێتانی بڵێین، دەمویست بە جۆرێک بیڵێم هیچ شتێک ئاشکرا نەبێ، کە سەر بە چ لایەنێکن.

**ڕامان:** دواجار چۆن وازیان لێ هێنان؟

**نامدار قەرەداغی:** داوامان لێ کرا بیین بە ئەمن و ژمارەی تەلەفۆنی نهێنیمان بدەنێ، تا هەر شتێکمان بینی پێیان بڵێین، وای لێهات سالاری برام گوتی ئیتر من دەچمە دەرەوە، داوای ئەوەیان لێ کردبوو. لەو کاتەدا من بینیم کە خەڵکی وەک واستە دەبران بۆ ئەمن تا لە ئێمە بدەن و من بگرن.

**ڕامان:** کێ بوون ئەوانەی واستەیان کردووە ئێوە ئەشکەنجە بدرێن و بگیرێن؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەو دەستەیە، یان ئەو لایەنە.

**ڕامان:** ئەوانە دژی ئێوە خەڵکیان هان دەدا بچن لە ئەمن شکاتتان لێ بکەن، یان ڕاپۆرتیان لێتان دەنووسی؟

**نامدار قەرەداغی:** بە چاوی خۆم بینیومە خەڵکیان بۆ ئەمن بردووە دژی ئێمە شایەتی بدەن.

**ڕامان:** ئەوانەیان وەک شایەتی دژی ئێوە بردووەتە دایرەی ئەمن؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، چونکە ئەو کەسەی کە بردیان بۆ ئەوێ، سەر بەوان بوو، ئەفسەرە گەورەکەی ئەمن دەیناسی.

**ڕامان:** ئەو کەسە لە کوێ ئەوی دەناسی؟

**نامدار قەرەداغی:** لەوانەیە ڕەفاقەتێکی ئاساییان هەبووبێ و لە یانەیەک یەکتریان دیبێ و ناسیبێ، هەرچی بێ، نازانم، باشە چۆن شکاتت لێ دەکات، چۆن لە ئەمن منیان بانگ کرد، چۆن سووکایەتییان پێ کردم، چۆن سووکایەتییان بە سالاری برام کرد؟

**ڕامان:** کە ئەوەندە بە خراپی بۆیان تێچاندبێتن، دوایی چۆن دەستیان لێتان بوویەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** دواجار دەمگوت من مامۆستام و هونەرمەندم، بێگومان شتێک ببینین پێتانی دەڵێین، دەی بیانوو بێنەوە کە ئێمە هیچمان نەبینیوە و ئەو لایەنەش هیچیان نییە پێتانی بڵێین و کەسی دیکەش نییە قسەی لە بارەوە بکەین. دەمانگوت ئەرکی سەرشانمانە هەر شتێک ببینین پێتانی بڵێین، بەم شێوەیە دەبوو خۆت بپەڕێنیتەوە، ژمارەی نهێنیمان پێ درابوو و هەر جارەو بە بیانوویەک خۆمان دەپەڕاندەوە.

**ڕامان:** دوایی قەناعەتیان بەو قسانەی تۆ کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەنجام لەگەڵیان سوودی

نەبوو، جارێکی دی بانگیان کردم، من هەموو جارێ کە بچووبام، برادەرێکم لەگەڵ خۆم دەبرد، لە دەرەوە دامدەنا، دەمگوت ئەگەر شتێک قەوما، خێرا فریام کەوە و بڕۆ لای باوکم، کە کەسێکی ناسراوی سلێمانی بوو، دواجار کە چووم بۆ ئەمن، مولازم عەباس، مفەوەزێکی هەبوو، مفەوەز مەجید، یەکسەر ئەمری بەندکردنی بۆ دەرکردم، پۆلیسێکی بانگ کرد و گوتی ئەمە بەرە لای حاکم عومەر بۆ هێشتنەوەی لە بەندیخانە، با لەسەر ئەو مەسەلەیە بەند بکرێ.

**ڕامان:** لێرە برادەرەکەی بردبووت بە کەڵکت هات؟

**نامدار قەرەداغی:** من کە برادەرم لەگەڵ خۆم بردبوو، هاتە لام گوتم شتێکی وا هەیە، ئەوە من بۆ لای حاکم عومەر دەبەن بۆ بەندکردن، ئەو ئیمزای بکات ئیدی بەند دەکرێم، لە کاتێکدا من مامۆستام و خەریکە بەند دەکرێم، باوکم لەبەر سەرا، لە چایخانەی بەلەدییە دادەنیشت، پۆلیسەکە کوردێکی فەقیر بوو، بە پۆلیسەکەم گوت، کە هەر چەکیشی پێ نەبوو، وایزانی من بەرپرسم، یان پێشمەرگەم، بە جۆرێکی تر لەمن تێ گەیشتبوو، دەیبینی ئەوە خەریکن دەمگرن، دەیگوت داوای لێبوردن دەکەم، ئەوە ئەرکی منە و دەبێ تۆ بەرم.

**ڕامان:** سوودت لە فەقیری و نەرمونیانییەکەی وەرگرتووە.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، پێم گوت تۆ هیچ خەتایەکت نییە کە ئێستا بۆ لای دادوەر دەمبەی و دەمگرن، بەڵام یەک داوام لە تۆ هەیە، با بە خاوی بڕۆین، تکایە پەلەم لێ مەکە، سووک سووک بڕۆین و هیچی دیکەم لێت ناوێ، تا برادەرەکەم بگاتە لای باوکم و فریام بکەوێ.

**ڕامان:** دیارە باوکت باش حاکم عومەری ناسیوە و زۆر برادەری بووە، بۆیە ئومێدی گەورەت پێ بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** باوکم هەموویانی دەناسی، ئێمە بە خاوی دەڕۆیشتین، پێش ئەوەی بگەین، لەبەر دەرگای دادگا وەستابووین، پێیان گوتین بچینە ژوورەوە، کە سەیر دەکەم باوکم لای حاکم عومەر دانیشتووە، دادوەر گوتی ئەمە چییە؟ خۆ ئەم تۆمارگەیە هەر بە ناوی ئەمەوە نییە، ئەم بۆ بەند بکرێ؟ قسەکەی ڕاست بوو، تۆمارگەکە بە ناوی باوکمەوە بوو، بۆیە بەندکردنی منی ڕەت کردەوە.

**ڕامان:** کە دادوەر بڕیاری بەندکردنی تۆی ڕەت کردووەتەوە، ئەوانەی هەوڵی بەگرتدانی تۆیان دابوو، کاردانەوەیان چی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** لەم کاتەدا ئەوەی کە ئەم دەستەیەی دروست کردبوو، لەلای جەماعەتەکەی خۆی گوتبووی نامدارم بە گرتن دا، ئیتر ئەوە لە بەندیخانەیە، گوتبووی لەلایەن ئەمنەوە تەلەفۆنم بۆ کرا و گوتیان ئەوە گرتمان. من لەوێ بووم کە تەلەفۆنەکە کرا، بەڵام بۆچی تەلەفۆن کرا، من نازانم، دوایی بیستمەوە کابرا هەلهەلەی لێ دابوو و گوتبووی ئەوە گرتمان. مولازم عەباس تەلەفۆنی بۆ یەکێک کردبوو و گوتبووی ئەوە گرتمان، بەڵام من نەگیرام، ئەو وادەزانێ گیراوم، مولازم عەباس پێی گوتووە ئەوە گیراوە، لەوێوە دەزانن حاکم عومەر ڕەفیقی باوکمە و دەستی زۆر دەڕوا.

**ڕامان:** دوای ئەوەی بینییان تۆ نەگیراوی، ئەوانەی هەوڵی بە گرتدانی تۆیان دابوو، چییان گوت، چیت لێیان بیستەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** یەکێک لەوانەی کە لەوێ بوو، بەرەو تۆمارگەی کانیاو هاتو سەیری کرد من لەوێ دانیشتووم، گوتی ئەوە نەگیراوی؟ گوتم ناوەڵڵا. گوتی خۆ ئێستا فلان کەس

گوتـی بـە گرتنمـان داوە و ئـەو قسـانەی کـرد. منیش لێـی تـووڕە بـووم و گوتـم زۆر عەیبـە شـتی واتـان کـردووە، چـۆن دەبـێ نامـدار بگیـرێ؟ پێـم گـوت زۆر زۆر سپاسـتان دەکـەم کـە هەڵوێسـتێکی واتـان هەبـووە، بـەڵام مـن نەگیـراوم، نەمگـوت چـۆن حاکـم ئـەوەی بـۆ کـردم. یەکێکـی دیکەیـان هـات، گوتـی ئـەوە تـۆ نەگیـراوی؟ گوتـم ناوەڵـڵا. گوتـی ئێسـتا لـە فـڵان شـوێن بـووم، کۆمەڵێـک بوویـن دانیشـتبووین، فـڵان کـەس گوتـی پێیـان گوتـووم گرتوومانـە، شـتێکی وای گـوت. گوتـی منیـش زۆر زۆر لێـی تـووڕە بـووم و گوتـم عەیـب ناکـەی، ئـەوەی یەکـەم چـی گـوت، ئەمەشـیان هەمـان شـتی دووبـارە کـردەوە. بەویشـم گـوت زۆر زۆر سپاسـت دەکـەم، کـە هەڵوێسـتت بەرانبـەرم جـوان بـووە، ئێسـتاش پێـش تـۆ فـڵان کـەس لێـرە بـوو، هـەر هەمـان ئـەو قسـەیەی تـۆی کـرد و گوتـی مـن لێـی تـووڕە بـووم.

**ڕامان:** باوەڕت بـە قسـەکانیان کرد کـە داکۆکییان لـە تـۆ کردبێ؟

**نامدار قەرەداغی:** سوێندی خوارد و شایەتییەکی دامێ کـە نیشـان بەو نیشانە ئـەو کابرایـە خوویەکی وای هەیـە، گوتـی بـەو مەرجـەی ئـەم خـووەی هەیـە و ئـاوای کـرد، هەروەهـا گوتـی گوتوویەتـی دەسـتتان خـۆش بـێ. ئـەوەی یەکـەم، پێـش ئـەوەی لـەم گیـران و دادگا و دادگاکارییـەدا بیـن، مـن بـە یەکێـک لـە ئەندامانـی ئـەو دەسـتەیەم گـوت کـە لەبـەر سـەرایە، گوتـم بـرادەر ئەگـەر ئێمـە گرفتێکـی هونـەری، یـان کارگێڕیمـان هەبـێ و مـن کاسـێتێکم بـڵاو کردبێتـەوە، یـان بـڵاوم نەکردبێتـەوە و مـۆرم لـێ نەدابـێ، ئێمـە دەتوانیـن خۆمـان چارەسـەری گرفتەکـە بکەیـن، ئەگـەر خۆشـمان پێمـان چـارە نەکرا، ئـەوە سـەندیکای هونەرمەنـدان هەیـە، ئـەوە کەسـانی ناسـراو هـەن، ئـەوە چالاکیـی قوتابخانەکان هەیـە، ئـەوان دەتوانـن گرفتەکـە چارەسـەر بکـەن

**ڕامـان:** دەبـوو هیـچ نەبـێ سـەندیکای هونەرمەندان لـە کێشـەیەکی ئـاوادا بێتـە پێشـەوە و داکۆکیـت لـێ بکـەن.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئـەی ناڵێـم سـەندیکای چـی و شـتی چـی، لەنـاو سەندیکاشـدا خەڵکـی وا هەبـووە، نامـەوێ نـاوی ئەوانـە بڵێـم، گوتـم وا باشـترە خۆمـان چارەسـەری گرفتەکـە بکەیـن، ئیتـر بـۆ گرفتەکانمـان ببەینـە دائیـرەی ئەمـن، یـان ببەیـن بـۆ شـوێنێکی دیکـە، هـەر نەبـێ دادگا هەیـە، نـەک ببەینـە ئەمـن.

**ڕامان:** وەڵامی ئەو چی بوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** یەکسـەر گوتـی بـۆ تـۆ دائیـرەی ئەمـن بـە خـراپ دەزانـی؟ بـە گـۆڕی باوکـم ڕێـک ئـاوای گـوت، ئاخـر کابـراش کەسێکی بەناوبانگـە، گوتـی باشـترین شـوێن کـە داکۆکـی لـە ئێمـە بـکات، دائیـرەی ئەمنـە، ئێسـتا لـەم زەمانـەدا و لـەم دە ساڵەی دواییدا ئەوانـەی ئـەم دەسـتەگەرییەیان لـە دژم کـردووە، لـە گفتوگـۆی تەلەڤزیۆنـی و لـەم لا و لـەو لا، لـە دوکیۆمێنتـدا کـە بـڵاو بووەتـەوە و لـەلام پارێزراوە، ستایشـێکی زۆری مـن و خانەوادەکەشـمیان کـردووە، دەڵێـن کوردپـەروەر و دڵسـۆز و نیشـتمانپەروەرن، ئـەم حیکایەتـە بـا هـەر هەبێـت.

**ڕامـان:** ئیتـر ئەمـە ڕەنگدانـەوەی واقیعەکـەی ئەمڕۆیـە، دوێنـێ چـۆن بـوون و ئەمڕۆ چـی دەڵێـن و چـی دەکـەن، بۆشـیان چووەتـە سـەر، ئەوانـە بێئاگایـی خەڵکیـان بـە هـەل و دەرفـەت زانیـوە.

**نامـدار قەرەداغـی:** لـە زۆر لاوە پێیـان گوتـووم ئەمانـە بـە ڤیدیـۆ تۆمـار بکـەم، گوتوومـە نایکـەم، گوتوویانـە ئـەم حیکایەتانـە بـاس بکـەم، ئـەوان ئیشـیان پێیـە، یـان گوتوویانـە ئێمـە بەڵێنـت دەدەینـێ، تـا تـۆ لە ژیاندا مابی، بـڵاوی نەکەینەوە،

کە تۆ مردی، ئەوجا بڵاوی دەکەینەوە. گوتوومە ئەوەش هەر ناکەم، چونکە زەرەری لە قازانج زیاترە.

**ڕامان:** کەواتە سەندیکای هونەرمەندان کە خۆشت لەوێ ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەر بووی، نەیانتوانیوە لەو جۆرە گرفتانە بێنە سەر خەت و داکۆکی لە هیچ هونەرمەندێک بکات؟

**نامدار قەرەداغی:** هەر لە بنەڕەتەوە پێیان نەگوتراوە تا بیکەن.

**ڕامان:** ئەوانە دەسەڵاتیان نەبووە، یان نەیانوێراوە خۆیان لە قەرەی ئەو جۆرە گرفتانە بدەن؟

**نامدار قەرەداغی:** لەوانەیە یەکێک لە ئەندامەکانیان سەر بە ئەمن بووبێ، یان یەکێک لەوانەی کە لەوێ بووە، خۆی بەشێک لە گرفتەکە بووبێ.

**ڕامان:** ڕەنگە خۆیان ئەندامیان هەبووبێ کە دەورێکی خراپیان گێڕابێ؟

**نامدار قەرەداغی:** ناتوانین بڵێین خراپ، بەڵام ئەگەر دەستەگەری هەبووە، یان ئەگەر ئیشی چاکیان کردووە، وەرە هونەرمەندان لە دەوری خۆت کۆ بکەوە، هەوڵ بدە عەرزی بۆ وەربگرە، کاری هونەریی جوان بکە، بوونی سەندیکا چاکە و هەموویان کوردپەروەر بوون، ئەوەی ئەمەی کردووە، کاری بۆ هونەر کردووە، کوردپەروەر بووە، ئاخر گرفتەکە ئەمەیە، ئەوەی ئەم جۆرە کارانە دەکات و کوتلەی هەیە، کوردپەروەرە و ئیشی جوانیشی کردووە.

**ڕامان:** ئەوە گرفتێکی گەورەیە، گرنگترین و بەرچاوترین گرفت و ئاریشە کە لەبیرمە لە ساڵانی هەشتاکان هەبوو ئەوەیە، زۆربەی ئەوانەی ڕاپۆرتیان نووسیوە و نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندانیان ئازار داوە، هەر لە ناوەندە ئەدەبی و هونەرییەکە بوون.

**نامدار قەرەداغی:** من زۆر جار وتوومە، ئێستا ئەم دروشمەم هەڵگرتووە، لای من مرۆڤبوون پێش کوردبوونە، کەسێک مرۆڤ نەبێ، حەز ناکەم کورد بێ، چونکە ئەگەر مرۆڤ نەبێ و کورد بێ، زەرەر لە کورد دەدات.

**ڕامان:** ئەگەر مرۆڤ نەبێ، کوردێکی زۆر شێواو و سەقەتی لێ دەردەچێ.

**نامدار قەرەداغی:** کوردی سەقەت، بە کوردییەکەی زەرەربەخش دەبێ، بۆیە دەبێ پێش هەموو شتێک مرۆڤ بێ، خۆمان منداڵەکانمان بکەین بە مرۆڤ، ئەوجا هەوڵ بدەین کوردایەتییان فێر بکەین.

**ڕامان:** لەو تیپەی پێشتر ئیشت تێدا کردووە، دوای تۆ دەبینین زەمەند نووری ئیشی بۆ منداڵان کردووە، کە هاتییەوە بیرۆکەیەک، پرۆژەیەکی واتان هەبووە پێکەوە بۆ منداڵان بیکەن و خزمەتی منداڵی کوردی پێ بکەن، ئاوازیان بۆ دابنێن، ئۆپەرێتیان بۆ بکەن؟

**نامدار قەرەداغی:** دوای من حەمەسەعید عەبدوڵڵا بووە سەرۆکی تیپەکە، لە پاش ئەو زەمەند نووری هاتووە، دواتر هەڵکەوت محەمەد بووەتە سەرۆکی تیپەکە. من لە ساڵی ١٩٨٢ چوومە دەرێ، دوای من زەمەند نووری هاتووە و مەریوان جەلال لە بەشی کارگێڕیی بووە و چالاکیی هونەریی هەبووە، یان سەرکار عیزەت بەرپرسی بەشی هونەری بووە و سەردەمانێک کاری جوانی کردووە، کۆمەڵێک گەنجی چاک هاتوونەتە سەر کار و لە تیپی مۆسیقای مەولەوی- دا ئیشی جوانیان کردووە، بەردەوامییان بە تیپی مەولەوی داوە، تا پێش ڕاپەڕین، دوای ئەوە تیپی مەولەوی ئیفلیج دەبێ، بارودۆخی ژیان دەگۆڕێ، ئەمانە دوای من چوونەتە ئەوێ و بەردەوامییان بە تیپی مەولەوی داوە، خولی مۆسیقایان کردووەتەوە و ئیشیان کردووە.

**ڕامان:** هەر لە زەمانی تۆدا تیپی منداڵانی بێخودتان دروست کردووە و چالاکی باشتان هەبووە.

**نامدار قەرەداغی:** جارێکیان حەفتا منداڵ ئۆپەرێتیان

گـوت و یەکەمـی عێـراق دەرچـوون، منداڵانـی تیپـی بێخود یەکەمی چالاکیی قوتابخانەکانی هەمـوو عێراقیـان هێنـا، دواتـر ئۆپەرێتەکـەم بـردە تەلەڤزیۆنـی کەرکـووک و لـەوێ چوار پێنج بەرهەممـان تۆمـار کـرد، یـەک دنیا ئاهەنگمـان لـە شـوێنی بـەرزدا گێـڕا، لـە زانکـۆ، لـە کۆنگـرەی عەرەبی- عێراقـی کـە لـە سلێمانی کـرا، زۆر چالاکیمـان دەکـرد، منداڵانمـان فێـری ئاوازدانـان دەکـرد، فێـری دابەشـکردنی مۆسـیقامان دەکـردن، فێـری زۆر لایەنـی هونـەری دیکەمـان دەکـردن و بـەردەوام لەگەڵیـان خەریـک بوویـن، تیپەکەمـان نـەک هـەر بەتەنیـا هونـەر، بگرە ئەکادیمیایەکی پەروەردەیی بوو، ئێمـە زۆر کارمـان بـۆ منـداڵ کـردووە.

**ڕامـان:** ئێسـتا پێوەندیت بـە (تیپـی مۆسـیقای مەولەوی)یـەوە نەمـاوە، وەک ئـاگادارم بـە تـەواوی خـۆت بـۆ فێرگەکـەت تەرخـان کـردووە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، مـن هەمـوو تیپـەکان وەک یەک تەماشـا دەکەم، ئەوساش هەر وا بووین، لـە واقیعـدا تیپـی مەولـەوی وەک کارکـردن نەمـاوە، گرفتەکـە ئەوەیـە، مـن لـە ساڵانی نەوەدەکانـدا کـە بـە سـەردان دەگەڕامـەوە سلێمانی، ئـەم مەسـەلەی دەسـتەگەرییە لەنـاو تیپـی مەولـەوی-شـدا هـەر هەبـوو، دوو دەسـتەی سـەرەکی هەبـوو، هەمـوو سـاڵێک کـە دەگەڕامـەوە، کـۆم دەکردنـەوە، یـەک دنیـا قسـەم بـۆ دەکـردن، ئـەوان منیـان بـردووە بـۆ سـەیران، زۆر هەوڵـم لەگەڵیـان داوە، دواجـار بـە جیـا لەگـەڵ هـەردوو دەسـتەکە قسـەم کـردووە، بەڵێنـی تـەواوم لـە هـەردوولا وەرگرتـووە، کـە ببنـەوە بـە یـەک و پێکـەوە دەسـت بـە کار بکـەن، بڕیـاری تەواویـان داوە کـە ئیـدی تـەواو.

**ڕامـان:** ئەوجـا ڕاسـتیان کـرد، کۆتاییيـان بـە ناکۆکی و گرفتەکانیـان هێنـا، بـە قسـەیان کردی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بـاوەڕ بکـە من سـواری فڕۆکە بـووم و ڕۆیشـتووم، هێشـتا لەنـاو فڕۆکەکـەدا بـووم بڕیارەکەیـان هەڵوەشـاندووەتەوە، زۆر زۆر هەوڵمان داوە، بـەڵام ئێسـتا لـە واقیعـدا بەگشـتی تیپـەکان نەمـاون، ئەگـەر (تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی)یش هەیـە و کاری جـوان دەکـەن، ئەوانـە بـۆ ئیشـێک کـۆ دەبنـەوە، بـەڵام ئـەو تیپـەی جـاران نیـن، هـەر کەسـە و لـە دە لاوە ئیـش دەکات و پـارە و بژێـوی بـۆ مـاڵ و منـداڵ دابیـن دەکا.

**ڕامـان:** دەتـەوێ بڵێـی ئەوانیـش لـە جـاران ناچـن و گـۆڕاون؟

**نامـدار قەرەداغـی:** جـاران هەمـوو کـوڕی گەنـج بـوون، زۆربەیـان ژنیـان نەبـوو، هەشـیبووایە ئاسـایی بـوو نیوەڕۆکـەی نەڕواتـەوە و هـەر لـە تیـپ ئیـش بـکات، یـان بچێتـەوە ماڵـەوە خەریکی دابەشـکردنی مۆسـیقا بـێ، یـان خێـرا بگەڕێتـەوە بـۆ تیـپ، ئێسـتا ئـەو ژیانـە گـۆڕاوە، ژیانـی ماددی سـەرترە، ڕوحـی کوردایەتـی نەمـاوە، پێداویسـتییەکانی ژیـان و داواکارییـەکان زۆر زیادیـان کـردووە، لەبـەر ئـەوە تیپەکانیـش وەک تیـپ بـە هیـچ جۆرێـک وەک جـاران نەمـاون، ئێسـتا تیپـی مەولـەوی هـەر ناوێکـە و مـاوە.

**ڕامان:** ئەو دەسـتەگەرییەی باسـت کـرد، ئامانجەکەی هونـەری بـوو، یـان زیاتـر دژی تـۆ بوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** تێکەڵـە، مەسـەلەکە ئەوەیـە لەوانەیـە دوو کـەس، دوو شـێوەی جیـاواز بیـر بکەنـەوە، تـۆ بڵێـی مـن وا بکـەم باشـە، ئـەو بڵـێ وا بکـەم باشـترە، خـۆ دەتوانـن ناوەنـدی بیرۆکەکـە وەربگـرن و هـەردوو جـۆرە بیرکردنەوەکـەش پەیڕەو بکـەن، بـەڵام پێداگـری و خۆسـەپاندن، خـۆ پـێ باشـتر بـوون و ئـەوی ئـەو پـێ کەمتـر بـوون، ئـەو نەخۆشـییەی مـرۆڤ بەگشـتی هەیەتـی و کـورد زیاتـر بـە دەسـتییەوە دەناڵێنـێ، ئـەم نەخۆشـییە لەنـاو هونەرمەندانـدا زۆر بـاوە.

**ڕامـان:** پێتوانییـە ئـەم دەسـتەگەری و سڕینەوەی

یەکدییە زیاتر سیاسی بێ؟

**نامدار قەرەداغی:** لایەنی سیاسیشی تێکەوتووە، پزیشکی بەر هونەرەکەش کەوتووە، یەکێکیان حەزیان لەم حزب بوو، یەکیان حەزی لەو حزب بوو، بەڵام خۆ دەتوانین ڕێک کەوین، تۆ کاری هونەری دەکەی، گرفتە کۆمەڵایەتی و نەفسییەکە، بەرژەوەندییە کەسی و سیاسییەکەی تێکەڵ بووە، کە ئەوە لە مرۆڤدا زۆرە، هونەرمەندانیش کە لە بواری هونەردا کار دەکەن، ئەوانیش هەر مرۆڤن.

**ڕامان:** دوایی دەچینە سەر فێرگەکەت، کە دوای ئەوەی دێیتەوە سلێمانی دایدەمەزرێنی.. ئێستا باسی وێستگەیەکی گرنگی ژیانی تۆ دەکەین، کە چوونە دەرەوەی وڵاتە، تۆ لە ساڵی ١٩٨٢ـەوە ڕۆیشتووی، باشە چۆن بڕیاری چوونە دەرەوەی وڵاتت دا؟

**نامدار قەرەداغی:** کاتێک بڕیاری ئەوە درا ببین بە سەرباز، کە بانگ کراین پێیان دەگوت سەربازی ئیحتیات، ساڵی لە دایکبوونی من بۆ سەربازیی یەدەگ هاتەوە، ئەوکاتە گەرمەی شەڕی ئێران و عێراق بوو، ئیتر تۆ دوو بژاردەت لە بەردەمدایە، یان دەبێ بچیتە سەربازی، کە تۆ عەسکەری و مووچە و ژیانت هەیە، یان دەبێ سەربازی نەکەی، کە ئەمەت نەکرد چەند بژاردەیەکت لە پێشە، یان بگیرێیت بە سەرباز و بکوژرێی، یان لە سێدارە دەدرێی، یان دەبێ ڕابکەیتە دەرەوەی وڵات، یان دەبێ ببی بە پێشمەرگە، بۆیە جگە لە خۆشیی ژیانی خۆم و نەکوژرانم، من نەمتوانی سەربازییەکە هەڵبژێرم.

**ڕامان:** لایەنێکی مەبدەئیی گەورەش لە ئارادا هەبوو، کە چۆن کەسەکە ببێتە عەسکەر و بۆ جەنگی دڕندانەی قادسیە بڕوا.

**نامدار قەرەداغی:** لە خۆم دەپرسم چۆن غەریزەی دڕندانەی سەددام حسێن من بکات بە سەرباز و بچم خەڵک بکوژم؟ من هیچ کاتێک ناتوانم بەمە ڕازی بم، جگە لەوەی کە تۆ دەبی بە سەرباز، مەترسیی بۆ سەر ژیانیشت هەیە، لەبەر ئەوە من ئەوەم هەڵبژارد کە نەچم بۆ سەربازی، باشە کە ناچی چی دەکەی؟ ئامۆژگارییەکە وا بوو گوتیان ماوەیەک لە سلێمانی بمێنەوە، ئەم جەنگە ئەوەندە ناخایەنێت، وا چاوەڕوان دەکرا ئێران هێرش بکات، ئاخر لە پێشدا عێراق هێرشی گەورەی دەست پێکرد و زۆر شوێنی لە ئێران داگیر کرد، دوایی ئێران خۆی گرتەوە و هێرشی پێچەوانەی دەست پێکردەوە.

**ڕامان:** تۆ سەرەتا پێت وابوو ئەم دۆخە زۆر ناخایەنێت؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، هەمیشە ڕادیۆ دەکرایەوە و گوێمان دەگرت تا بزانین ڕژێمەکەی سەددام حسێن کەی دەڕووخێت و کەی ئەم جەنگە کۆتایی دێت. سەرەتا گوتم خۆمان لە سلێمانی دەشارینەوە، ئەگەر شەڕەکە نەما، ئەوە ڕزگارمان دەبێ. منیش گوتم باشە، لەناو شار بەنهێنی شوێنیان بۆ دابین کردم و مامەوە.

**ڕامان:** کە ئەو بڕیارەت دا، تیپی منداڵانی بێخود چی لێ هات؟

**نامدار قەرەداغی:** تیپی منداڵانی بێخودم زۆر بەلاوە مەبەست بوو، تیپی مەولەوی هەموویان گەورەن، بۆخۆشی تیپەکە تووشی ئیفلیجی بووبوو، ئەندامی هەبوو لە سەربازی ڕای کردبوو، ئەندامی هەبوو بووبوو بە سەرباز، چالاکییەکانی وەستابوون، بەڵام ئەوەی منداڵان نەوەستابوو، قسەم لەگەڵدا کردن، پێیانم گوت ڕۆڵەکانم من دەبم بە سەرباز، نەمگوت دەڕۆم خۆم دەشارمەوە، دەستەی بەڕێوەبردنمان هەبوو، دەستەی بەڕێوەبردنەکەم بەهێز کرد، قسەی زۆرم بۆ کردن.

**ڕامان:** ئەو دەستەی بەڕێوەبردنەی دروستت

کرد، دەیانتوانی کارەکانی تیپەکە بەڕێوە ببەن؟

**نامدار قەرەداغی:** ناوی کەسانێکم دانێ، لە حاڵەتی بوونی گرفتێکی ئەمنیدا پێوەندییان پێوە بکەن، چونکە بەڵێنم لەوان وەرگرتبوو، کە هاوکارییان بکەن، هەموو شتێکم بەباشی ڕێک خستبوو و پلانی باشم بۆ دانابوون، کە چۆن ڕاهێنان بکەن، خشتەکانیان چۆن بێ، ئەوجا خواحافیزیم لێ کردن، ئەوە نەڕۆیشتووم، بەڵام بەوانم گوتووە ڕۆیشتووم، ئیتر بە حیساب من سەربازم.

**ڕامان:** دوای خۆشاردنەوەکەت هیچ جارێک نەتبینین، یان سەردانت نەکردن؟

**نامدار قەرەداغی:** یەکەم جار نامەی دەنگیم بۆ ناردن، نامەیەکی زۆر دوورودرێژ، یەک یەک قسەم لەگەڵ منداڵەکاندا دەکرد، هەموو ئەم شتانەم لەلا ماوە، کە چۆن یەک یەک قسەم لەگەڵیان دەکرد، پێم دەگوتن وا بکەن و وا بکەن، وا خۆشم دەوێن، ئێوە وا بوون و وا بوون، ئەو دەنگەم بۆ ناردن، ئەوانیش یەک یەک نامەی دەنگییان بۆ ناردمەوە.

**ڕامان:** ئەو نامەی دەنگییەت چۆن بۆ ناردن؟

**نامدار قەرەداغی:** بە شریت بۆم ناردن.

**ڕامان:** مەبەستت ئەوەیە بڵێی بە کاسێتی تۆمارکراو بۆیانت ناردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، کاسێت بوو، ئەوانیش هەر بە کاسێت وەڵامیان دابوومەوە، ئیتر ئاوا قسەم لەگەڵ خوشکەکانم و (شۆڕش)ی برام هەبوو، جاربەجار سەرێکیان لێ دەدان، خۆیان بەهێز بوون، ئالان عارف و بێستوون عوسمان ئاوازیان دادەنا و ئیشیان دەکرد، ئیداری بوون. (بێستوون عوسمان)م وەک سەرۆکێک دادەنابوو، چونکە تۆزێک لەوان گەورەتر بوو، ئێستا سەری سپی بووە، لە من پیرتر دیارە.

**ڕامان:** ئەوانەی لە دەستەی بەڕێوەبردن بوون کێ و کێ بوون، ناویان چ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** جووتیار عەلی بۆسکانی، ئالان عارف و کۆمەڵێک لەمانە، کە هی دەستەی کارگێڕی بوون، بەم شێوەیە ئەم تیپە بەڕێوە چوو، ڕۆژێک برادەرێک گومان دەکات کە من چووبێتم بۆ سەربازی، تەلەفۆن دەکات بۆ ئەو شوێنەی منی لێم، یەکێک لە کچەکان تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ، پێی دەڵێ فڵان لەوێیە؟ ئەویش یەکسەر دەڵێ لە گەرماوەکەیە، دوایی کێشای بە سەری خۆیدا و گوتی ڕاکە ئەمانە مەترسیدارن، منداڵیش بوو، زۆر گەورە نەبوو، گوتی ڕاکە، لێت قەوما، فڵان کەس وای کردووە، زۆر ترساین.

**ڕامان:** کابرای تەلەفۆنی کردبوو، جێی متمانەی ئێوە نەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** جێی متمانەیە، بەڵام هەر لێی دەترسێی، ئەو دۆخەی من مەترسیدارە، سزاکەی لە سێدارەدانە، تۆ خۆت شاردبێتەوە و نەچووبیتە سەربازی. بۆ بەیانی قژم کورت کورت کردەوە، قوتابخانەی بێخود و ئەو شوێنەی من زۆر لە یەکەوە دوور نەبوون، خۆم کرد بەو شوێنەدا کە ئەوی لێیە، گوتم دەڵێم لە مۆڵەتدام و هاتوومەتەوە، بەو شێوەیە ئەوەم پێنە کرد.

**سەرنج:**

**زیاتر لە (٢) بەشی دیکەی ئەم هەڤپەیڤینە ماوە، لە داهاتوویەکی نزیکدا سەرجەمی گفتوگۆکە دەکەین بە کتێب.**

**(ڕامان)**